بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَجَعَلَ الظُّلُمَاتِ وَالنُّورَ ثُمَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِم يَعْدِلُونَ (1)

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە، تاریکی و ڕووناکی فەراهەم هێناوە (کەچی لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگە بەهێزو سەرسامئاوەرانەدا) ئەوانەی بێباوەڕن بە پەروەردگاریان، ڕێگەو ڕێبازی تر دەگرنەبەر.

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن طِينٍ ثُمَّ قَضَى أَجَلاً وَأَجَلٌ مُّسمًّى عِندَهُ ثُمَّ أَنتُمْ تَمْتَرُونَ (2)

ئەو زاتە ئێوەی لە خاك دروستکردووە لەوەدوا بڕیاری داوە (هەر کەسێك) بۆ ماوەیەك بژی و بمێنێتەوە (لەسەر زەوی دا) وە کاتی تەواوبوونی تەمەنی هەرکەسێك، هەر دروستکراوێك لای ئەو زاتەیە (کەچی لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بێ سنوورەدا) ئێوە لە شك و گوماندان!!

وَهُوَ اللّهُ فِي السَّمَاوَاتِ وَفِي الأَرْضِ يَعْلَمُ سِرَّكُمْ وَجَهرَكُمْ وَيَعْلَمُ مَا تَكْسِبُونَ (3)

(الله) ئەو زاتەیە کە لە ئاسمانەکاندا، وە لە زەویش دا (دەسەڵاتی ئاشکرایە) بە نهێنی و ئاشکراتان دەزانێت، بەهەموو کارو کردەوەتان ئاگایە.

وَمَا تَأْتِيهِم مِّنْ آيَةٍ مِّنْ آيَاتِ رَبِّهِمْ إِلاَّ كَانُواْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ (4)

(بێ باوەڕان) هەر بەڵگەو (معجزة)یەکی پەروەردگاریان نیشان درابێت، ئەستەمە کە پشتیان تێ نەکردبێت و ڕوویان لێ وەرنەگێرابێت.

فَقَدْ كَذَّبُواْ بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءهُمْ فَسَوْفَ يَأْتِيهِمْ أَنبَاء مَا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (5)

بێگومان ئەوانە حەق و ڕاستی یان بەدرۆخستەوە کاتێ کە پێیان ڕاگەیانرا، لە ئایندەدا بۆیان ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێت، ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵانەی کە ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد.

أَلَمْ يَرَوْاْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّاهُمْ فِي الأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ وَأَرْسَلْنَا السَّمَاء عَلَيْهِم مِّدْرَارًا وَجَعَلْنَا الأَنْهَارَ تَجْرِي مِن تَحْتِهِمْ فَأَهْلَكْنَاهُم بِذُنُوبِهِمْ وَأَنْشَأْنَا مِن بَعْدِهِمْ قَرْنًا آخَرِينَ (6)

ئایا نەیان بینیوە (لەڕێگەی ئاسەواریانەوە) چەندەها نەوەمان پێش ئەمان لەناو بردووە کە پایەدار بوون لە زەوی دا، بە مەرجێك ئێوەمان ئاوا پایەدار نەکردووە، وە بارانمان بەردەوام بۆ دەباراندن (کە دەبووە هۆی پێگەیشتنی جۆرەها ڕووەك و بەروبووم) وە جۆگەو ڕووبارمان لەناو کێڵگەو باخ و شارەکانیاندا خوڕەم کردبوو بەڵام بەهۆی لادان و گوناهو تاوانیانەوە لەناومان بردن، وە نەوەی ترمان لەدوای ئەوان هێنایە کایەوە.

وَلَوْ نَزَّلْنَا عَلَيْكَ كِتَابًا فِي قِرْطَاسٍ فَلَمَسُوهُ بِأَيْدِيهِمْ لَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ (7)

ئەگەر کتێبێك بەبەرگەوە بۆ تۆ دابەزێنین، بەدەستی خۆیان دەستی لێ بدەن، ئەوانەی بێ باوەڕن هەر دەڵێن: ئەمە جگە لە جادویەکی ئاشکرا شتێکی تر نیە!!

وَقَالُواْ لَوْلا أُنزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنزَلْنَا مَلَكًا لَّقُضِيَ الأمْرُ ثُمَّ لاَ يُنظَرُونَ (8)

هەروەها دەڵێن: چی دەبوو ئەگەر فریشتەیەك بۆلای (محمد صلى الله عليه وسلم) ڕەوانە بکرایە، جا ئەگەر فریشتە ڕەوانە بکەین کۆتایی بە هەموو شتێکی ئەوان دێت و هیچ مۆڵەتیکیش نادرێن.

وَلَوْ جَعَلْنَاهُ مَلَكًا لَّجَعَلْنَاهُ رَجُلًا وَلَلَبَسْنَا عَلَيْهِم مَّا يَلْبِسُونَ (9)

خۆ ئەگەر فریشتەمان بکردایە بە فرستادە، لە شێوەی پیاوێکدا دەمان نارد، وە هەمان گومان کە ئێستا هەیانە بۆیان دروست دەبوو.

وَلَقَدِ اسْتُهْزِئَ بِرُسُلٍ مِّن قَبْلِكَ فَحَاقَ بِالَّذِينَ سَخِرُواْ مِنْهُم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (10)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم دڵت لەخۆت دانەمێنێت) چونکە گاڵتە کراوە بە پێغەمبەرانی پێش تۆ، سەرئەنجام ئەوەی ئەوان بڕوایان پێی نەبوو، گاڵتەیان پێ دەکرد، یەخەی پێ گرتن و نغرۆی کردن.

قُلْ سِيرُواْ فِي الأَرْضِ ثُمَّ انظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُكَذِّبِينَ (11)

پێیان بڵێ: دەبگەڕێن بەسەر زەویداو تەماشا بکەن و سەرنج بدەن، بزانن سەرئەنجامی ئەوانەی بەرنامەی خوایان بەدرۆ خستۆتەوە چۆن بووە.

قُل لِّمَن مَّا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ قُل لِلّهِ كَتَبَ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لاَ رَيْبَ فِيهِ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (12)

(لێیان بپرسە ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بڵێ: ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە کێ خاوەنیانە (هەر خۆت وەڵام بدەرەوەو) بڵێ: هەر خوا، هەر الله، خاوەنیانە وە ئەو خوایە فەرزی کردووە لەسەر خۆی کە بەڕەحم و میهرەبان و دلۆڤان بێت لە ڕۆژی قیامەتیشدا کە هیچ شک و گومانی تیا نیە کۆتان دەکاتەوە (هەرچەندە) ئەوانەی کە خۆیانیان لەدەست داوە هەر باوەڕ ناهێنن.

وَلَهُ مَا سَكَنَ فِي اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (13)

هەرچی ئارام دەگرێت لە شەوگارو ڕۆژگاردا هەر بە ویستی ئەو زاتەیە، ئەو خوایەکی بیسەرو زانایە.

قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلاَ يُطْعَمُ قُلْ إِنِّيَ أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ وَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكَينَ (14)

پێیان بڵێ: (به عەقڵ و ژیری ئێوه ڕەوایه) كه جگه لەخوا كەسێكی تر بكەمه پشت و پەنای خۆم (بەمەرجێك ئەو خوایه) بەدی هێنەری ئاسمانەكان و زەوی یه، وه هەر ئەوه كه ڕۆزی بەخشه و بێ نیازه له هەموو ڕزق و ڕۆزییەك، دووباره بڵێ: من فەرمانم پێ دراوه كه یەكەم كەس بم كه تەسلیمی ئەو زاته بم و موسوڵمان بم وه (من پێت ڕادەگەیەنم كه): هەرگیز نەكەی له موشریك و هاوەڵپەرستان بیت.

قُلْ إِنِّيَ أَخَافُ إِنْ عَصَيْتُ رَبِّي عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ (15)

هەروەها بڵێ: من زۆر دەترسم لەوەی ئەگەر یاخی بم له فەرمانی پەروەردگارم نەوەك له ڕۆژی سامناكی قیامەتدا خوا سزاو ئازارم بدات.

مَّن يُصْرَفْ عَنْهُ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمَهُ وَذَلِكَ الْفَوْزُ الْمُبِينُ (16)

ئەوەی لەو سزایه دەرباز ببێت ئەوه ئیتر دیاره خوا ڕەحمی پێكردووه و شایستەی میهرەبانی ئەو بووه وه ئەو سەرفەرازیه دەستكەوتێكی ئاشكرایه.

وَإِن يَمْسَسْكَ اللّهُ بِضُرٍّ فَلاَ كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدُيرٌ (17)

(دڵنیا به لەوەی) ئەگەر خوا زەرەرو گرفتێكت بۆ پێش بێنێت، كەس ناتوانێت فریات كەوێت جگه لەو، خۆ ئەگەر بیەوێت تووشی خێرو خۆشیەكت بكات، ئەوه ئەو خوایه دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیه.

وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ (18)

ئەو خوایه دەسەڵاتداره بەسەر هەموو بەندەكانیداو ئەو زاتێكی داناو ئاگایه.

قُلْ أَيُّ شَيْءٍ أَكْبَرُ شَهَادةً قُلِ اللّهِ شَهِيدٌ بِيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَذَا الْقُرْآنُ لأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ أَئِنَّكُمْ لَتَشْهَدُونَ أَنَّ مَعَ اللّهِ آلِهَةً أُخْرَى قُل لاَّ أَشْهَدُ قُلْ إِنَّمَا هُوَ إِلَـهٌ وَاحِدٌ وَإِنَّنِي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ (19)

(ئەی پێغەمبەر بەوانە بڵێ کە شایەتیان دەوێت لەسەر پێغەمبەرایەتی تۆ) کێ هەیە گەورەترین و ڕاسترین شایەتی بدات؟! هەر خۆت بڵێ: خوای گەورە شایەتە لە نێوان من و ئێوەدا وە من ئەم قورئانەشم بە وەحی ونیگا بۆ هاتووە تا ئێوەو هەموو ئەوانەی کە پێیان دەگات ئاگادارو بێداربکەم، (لەگەڵ ئەم هەموو ڕوونکردنەوانەدا) ئایا بڕواتان وایە کە لەگەڵ خوادا خوای تر هیە؟! بڵێ: (من بەش بەحاڵی خۆم) شایەتی ناحەق و ناڕەوای وا نادەم، وە بڵێ ئەو خوایە بریتیە لە خوایەکی تاك و تەنها، وە من بەڕاستی بەریم لە هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە دەیانکەنە هاوەڵ و هاوڕێی ئەو زاتە.

الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَاءهُمُ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ فَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ (20)

ئەوانەی کە کتێبی (ئاسمانیمان پێ بەخشیون لە گاورو جوو) پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەناسن هەروەك چۆن منداڵەکانی خۆیان دەناسن (بەڵام) ئەوانەی کە خۆیان لەدەست داوەو خۆیان ڕیسوا کردووە باوەڕناهێنن (بەڕاستی یەکان).

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ (21)

جا کێ هەیە لەوە ستەمکار تر بێت، کەشتی نادروست و درۆ بۆ خوا هەڵبەستێت، یا ئایەت و (معجزة)کانی بە درۆ بخاتەوەو بەڕاستی ئەوانەی ستەمکارن هەرگیز سەرفەراز نابن.

وَيَوْمَ نَحْشُرُهُمْ جَمِيعًا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشْرَكُواْ أَيْنَ شُرَكَآؤُكُمُ الَّذِينَ كُنتُمْ تَزْعُمُونَ (22)

ڕۆژێك دێت كه هەموو (خوانەناس و) هاوەڵپەرستان كۆدەكەینەوەو ئینجا پێیان دەڵێین كوان و لە كوێن ئەو شتانەی دەتانپەرستن و بە هاوتای خواتان دەزانی بە خەیاڵی خۆتان؟

ثُمَّ لَمْ تَكُن فِتْنَتُهُمْ إِلاَّ أَن قَالُواْ وَاللّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ (23)

كەچی تەنها وەڵام و قسەیان تەنها ئەم سوێندە ناڕاستەیە كە دەڵێن: سوێند بە خوای پەروەردگارمان ئێمە هەرگیز موشریك و هاوەڵپەرست نەبووین!!

انظُرْ كَيْفَ كَذَبُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (24)

سەیركە چۆن درۆ لەگەڵ خۆشیان دەكەن، چۆن بیرو بڕوای پوچیان لێ وون دەبێت و ئاسەواری نامێنێت.

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِن يَرَوْاْ كُلَّ آيَةٍ لاَّ يُؤْمِنُواْ بِهَا حَتَّى إِذَا جَآؤُوكَ يُجَادِلُونَكَ يَقُولُ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَآ إِلاَّ أَسَاطِيرُ الأَوَّلِينَ (25)

هەندێك لەو (بێباوەڕانە) گوێت بۆ دەگرن (لەكاتی خوێندنی قورئاندا، بەڵام چونكە مەبەستیان نیە شوێن حەقیقەت بكەون) ئێمە پەردەمان هێناوە بەسەر دڵیاندا و تێ ناگەن، وە گوێمان سەنگین و گران كردوون (وەك ئەوە وایە كە نەبیستن) هەر نیشانەو بەڵگەیەكیش ببینن بڕوای پێ ناكەن، هەر كاتێكیش دێن بۆ لات دەیكەنە موجادەلەو دەمەدەمێ، سەرئەنجام خوانەناسان دەڵێن: ئەمە هەر داستانی پێشینانە!!

وَهُمْ يَنْهَوْنَ عَنْهُ وَيَنْأَوْنَ عَنْهُ وَإِن يُهْلِكُونَ إِلاَّ أَنفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ (26)

ئەوانە نایەڵن كەس گوێ بۆ قورئان بگرێت و هەوڵ دەدەن خەڵكی لێ دوور بخەنەوە، جا بەو كارەیان تەنها خۆیان تیا دەبەن و زەرەر لە خۆیان دەدەن (بەڵام جارێ) هەستی پێ ناكەن.

وَلَوْ تَرَىَ إِذْ وُقِفُواْ عَلَى النَّارِ فَقَالُواْ يَا لَيْتَنَا نُرَدُّ وَلاَ نُكَذِّبَ بِآيَاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (27)

جا ئەگەر ئەوانە ببینی (لە قیامەت دا) لەسەر لێواری دۆزەخ ڕاوەستێنراون (بە دەم حەسرەت وناڵەوە) دەڵێن: خۆزگە جارێکی تر بگەڕاینایەتەوە بۆ دنیاو (لەم سەرئەنجامە شوومە ڕزگارمان دەبوو) ئەوسا هەرگیز نیشانەو بەڵگەو ئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەخستەوە، باوەڕی بەتینمان پێی دەبوو.

بَلْ بَدَا لَهُم مَّا كَانُواْ يُخْفُونَ مِن قَبْلُ وَلَوْ رُدُّواْ لَعَادُواْ لِمَا نُهُواْ عَنْهُ وَإِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ (28)

(بێگومان ئەوە ئاواتێکی ئەستەمە) چونکە هەموو ئەو کارو کردەوەو پیلانانەی کە پێشتر دەیانکرد وە دەیان کێشا ئێستا وا ئاشکرا بووە، خۆ ئەگەر بگێڕدرێنەوە بۆ (دنیا) هەر دەست دەکەنەوە بەو کارو کردەوانەی کە جاران دەیانکرد، بەڕاستی ئەوانە هەر درۆ دەکەن و درۆزنن.

وَقَالُواْ إِنْ هِيَ إِلاَّ حَيَاتُنَا الدُّنْيَا وَمَا نَحْنُ بِمَبْعُوثِينَ (29)

(ئەوانە) دەڵێن: ژیان هەر ئەم ژیانەی دنیایەو ئێمە زیندوو ناکرێینەوە بۆ (لێ پرسینەوە).

وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُواْ عَلَى رَبِّهِمْ قَالَ أَلَيْسَ هَذَا بِالْحَقِّ قَالُواْ بَلَى وَرَبِّنَا قَالَ فَذُوقُواْ العَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ (30)

ج اکاتێك ئەوانە دەبینیت (لەبەردەم دادگای پڕ لەدادی) پەروەردگاریان دا وەستێنراون، (خوای گەورە پێیان) دەفەرموێت: ئایا ئەمەی (کە بۆتان پێشهاتووەو دەیبینن) ڕاست و حەقیقەت نیە؟ (بە کەساسی و خەجاڵەتیەوە) دەڵێن: سوێند بە پەروەردگارمان (ئینجا خوا) دەفەرموێت: (مادام وایە) سزاو تاڵاو بچێژن لە سەرئەنجامی کوفرو یاخی بونتاندا.

قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِلِقَاء اللّهِ حَتَّى إِذَا جَاءتْهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً قَالُواْ يَا حَسْرَتَنَا عَلَى مَا فَرَّطْنَا فِيهَا وَهُمْ يَحْمِلُونَ أَوْزَارَهُمْ عَلَى ظُهُورِهِمْ أَلاَ سَاء مَا يَزِرُونَ (31)

بەڕاستی ئەوانەی کە بڕوایان بە ڕووبەڕوو بوونەوەی (دادگای) خوایی نەبوو زەرەریان کرد، کاتێکیش کە قیامەت کوتوپڕ یەخەیان پێ دەگرێت، دەڵێن: ئاخ و داخ و پەشیمانی بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە (بەبێ دینیی و سەرکەشی و تاوان) بردمانە سەر، جا ئەوانە (کۆڵی) گوناهو تاوانیان بە کۆڵیانەوەیە، ئای کە چەندە خراپە، کۆڵ و باری وا ک ەئەوانە هەڵیان گرتووە.

وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَلَلدَّارُ الآخِرَةُ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (32)

ژیانی دنیا تەنها بریتیە لە تاوێك یاری و گەمە، بێگومان ماڵی قیامەت (بەهەشتی بەرین) چاکترە بۆ ئەوانەی پارێزکارو خواناسن، ئایا ئەوە عەقڵ و ژیریتان ناخەنەکار (بۆ هەوڵ دان بۆ بەختەوەری هەمیشەیی).

قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ (33)

ئێمە چاك دەزانین کە گوفتاری نادروستی خوانەناسان غەم و پەژارەت بۆ پێش دێنێت، ئەوە بزانە کە ئەوانە وە نەبێت تۆ بەدرۆبخەنەوە، بەڵکو ستەمکاران ئایەتەکانی خوا بەدرۆ دەخەنەوە و دژایەتی دەکەن.

وَلَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ فَصَبَرُواْ عَلَى مَا كُذِّبُواْ وَأُوذُواْ حَتَّى أَتَاهُمْ نَصْرُنَا وَلاَ مُبَدِّلَ لِكَلِمَاتِ اللّهِ وَلَقدْ جَاءكَ مِن نَّبَإِ الْمُرْسَلِينَ (34)

بێگومان دژایەتی پێش تۆش بەدرۆخراونەتەوە، لەبەرانبەر ئەو بەدرۆخستنەوەیەدا، ئەوان دانیان بەخۆدا گرت، هەرچەندە ئازارو ئەشکەنجەش دران، بەڵام سەرئەنجام لە سەرکەوتنی ئێمە بەهرەوەر بوون، وە بڕیار دادەی خوا هەرگیز ناگۆڕدرێت، (بە تاقیکردنەوەی

پێغەمبەران و ئیمانداران و سەرخستنیان) بێگومان هەواڵ و دەنگ و باسی پێغەمبەرانت پێ گەیشتووە.

وَإِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكَ إِعْرَاضُهُمْ فَإِنِ اسْتَطَعْتَ أَن تَبْتَغِيَ نَفَقًا فِي الأَرْضِ أَوْ سُلَّمًا فِي السَّمَاء فَتَأْتِيَهُم بِآيَةٍ وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَمَعَهُمْ عَلَى الْهُدَى فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْجَاهِلِينَ (35)

خۆ ئەگەر پشت هەڵکردن و سەرپێچی خوانەناسانت زۆر لاسەختە ئەگەر دەتوانی تونێلێ لە زەویدا هەڵکەنی یا پەیژەیەك بە ئاسماندا هەڵپەسێری تا (معجزة)یەکیان بۆ پێش بێنی (بێ سوودە ئەوانە هەر باوەڕت پێ ناکەن) بەڵام ئەگەر خوا بیەوێت لەسەر هیدایەت و ڕێبازی دروست کۆیان کاتەوە (بەمەرجێك خۆیان مەبەستیان بێت، کەواتە) لەو کەسانە مەبە کە شارەزانین (لە یاساو بەرنامەکانی خوا).

إِنَّمَا يَسْتَجِيبُ الَّذِينَ يَسْمَعُونَ وَالْمَوْتَى يَبْعَثُهُمُ اللّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ (36)

بەڕاستی تەنها ئەوانە بەدەم بانگەوازی خواوە دێن کە بەچاکیی گوێ دەگرن، بەڵام (دڵ) مردووەکان (لەڕۆژی قیامەتدا) خوا زیندوویان دەکاتەوە، لەوەودواش بەناچاریی هەر دەبێت بۆلای ئەو بگەڕێنەوە (تا بەسزای بێ باوەڕیی خۆیانیان بگەیەنێت).

وَقَالُواْ لَوْلاَ نُزِّلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِّن رَّبِّهِ قُلْ إِنَّ اللّهَ قَادِرٌ عَلَى أَن يُنَزِّلٍ آيَةً وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ (37)

(ئەو خوانەناسانە) دەڵێن: ئەوە بۆ (معجزة)یەکی لەلایەن پەروەردگاری یەوە بۆ ڕەوانە ناکرێت؟ بڵێ: خوا دەسەڵاتی هەیە کە (معجزة) بنێرێت بەڵام زۆربەی ئەوانە نەفام و نەزانن (هەرگیز شایستەی ئەوە نین خوا بەدەم داخوازی نادروستیانەوە بچێت).

وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ وَلاَ طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلاَّ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم مَّا فَرَّطْنَا فِي الكِتَابِ مِن شَيْءٍ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ (38)

هیچ زیندەوەرو گیانلەبەرێك نییە بەسەر زەویدا بڕوات، یا باڵندەیەك كە باڵەكانی بفڕێت و ئەوانیش ئوممەت و گەلێك نەبن وەك ئێوە، (دڵنیابن) هیچ شتێك نیە پشت گوێمان خستبێ لە كتێبە (تایبەتی یەكەدا) كە (لوح المحفوظ)ە لەوەودوا هەر هەموو ئەوانە كۆدەكرێنەوە لای
پەروەردگاریان (بۆ ئەوەی دادگایی بكرێن و هەموو كەس مافی خۆی وەرگرێت یا تۆڵەی ڕەوای لێ بسەنرێتەوە).

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ مَن يَشَإِ اللّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (39)

ئەوانەی كە ئایەت و (معجزة)كانی ئێمە بەدرۆ دەخەنەوە وەكو كەڕو لاڵ لە تاریكستانەكاندا گیریان خواردووە، بێگومان ئەوەی خوا بیەوێت گومڕای دەكات (چونكە خۆیشی دەستپێشخەرە لەو بوارەدا) وە ئەوەش كە بیەوێت (هیدایەتی بداو هیدایەت وەرگرێت) دەیخاتە سەر ڕێبازی ڕاست و ڕەوان.

قُلْ أَرَأَيْتُكُم إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللّهِ أَوْ أَتَتْكُمُ السَّاعَةُ أَغَيْرَ اللّهِ تَدْعُونَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (40)

(بەخوا نەناسان) بڵێ: باشە ئەگەر سزاو تۆڵەی خوا یەختان پێ بگرێت، یا قیامەت بەرپا ببێت، (ئا لەو كاتانەدا) ئایا هاناو هاوار بۆ كەسێك جگە لە خوا دەبەن؟ ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن و خۆتان بەڕاستگۆ دادەنێن؟!

بَلْ إِيَّاهُ تَدْعُونَ فَيَكْشِفُ مَا تَدْعُونَ إِلَيْهِ إِنْ شَاء وَتَنسَوْنَ مَا تُشْرِكُونَ (41)

(نەخێر لەو كاتە سامناكانەدا) هەر هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە دەبەن (ئەویش خوایەكی میهرەبانە) بەڵاو ناخۆشی یەكانتان لەسەر لادەبات ئەگەر بیەوێت، جا لەو كاتەدا هەر شتێك كە بەهاوەڵ و شەریكی دادەنێن، فەرامۆشی دەكەن.

وَلَقَدْ أَرْسَلنَآ إِلَى أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَاهُمْ بِالْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ (42)

بێگومان ئێمه پێش تۆ پێغەمبەرانی زۆرمان ڕەوانه کردووه بۆ سەر
قەوم و گەلانی تر (جا کاتێ کە سەرکەش و یاخی بوون)، تووشی
ناخۆشی و بەڵاو تەنگانەمان کردن (بەڵکو داچڵەکێن و ڕووبکەنه ئێمه)
و لێمان بپاڕێنەوه و بلاڵێنەوه.

فَلَوْلا إِذْ جَاءهُمْ بَأْسُنَا تَضَرَّعُواْ وَلَكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا
كَانُواْ يَعْمَلُونَ (43)

ئەوانه کاتێ کە تۆڵەو سزای ئێمه ڕووبەڕوویان بوو دەبوا نزایان
بکردایەو بکوڕوزانایەتەوه بەڵام ئەوەنده دڵ ڕەق بوون (هیچیان بۆ
نەدەوت) شەیتانیش کارو کردەوەی (ناپەسەندیانی) بۆ ڕازاندبوونەوه.

فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَا
أُوتُواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ (44)

ئەوسا ئیتر کاتێ ئەو بەرنامەیەو ڕێبازەی کە یادیان خرابۆوه
فەرامۆشیان کرد، قاپی هەموو شتێکمان بۆ والاکردنەوەو، (نازو
نیعمەتی ماددی زۆرمان بەسەردا ڕژاندن) هەتا ئیتر دڵخۆش و شادمان
بوون بەوەی کە پێیان بەخشراوه، ئەوجا کتوپڕ (کارخانەو ئاوەدانی و
شارستانی و دەزگا و کێڵگەکانیانمان کاول کرد)، وه هەمووانیان
سەرگەردان و ڕیسوابوون.

فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ وَالْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (45)

ئەوسا ئیتر دەیارمان نەهێشتن و دوای ئەوانەمان بڕی کە ستەمکا بوون،
(ئینجا بوونەوەر هاوڕێ لەگەڵ ئیمانداران و فریشتەکان دا وتیان):
(الحمد لله رب العالمين).

قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُم مَّنْ إِلَهٌ غَيْرُ
اللّهِ يَأْتِيكُم بِهِ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ ثُمَّ هُمْ يَصْدِفُونَ (46)

(بەو بێ باوەڕانه) بڵێ: باشه ئەگەر خوا دەسگای بیستن و بینینتان لێ
وەرگرێتەوه، مۆر بنێت بەسەر دڵتان دا، ئایا کەسێك هەیه ئەو دەسگایانه

به ئێوه ببه‌خشێته‌وه‌، سه‌یر بكه‌و سه‌رنج بده‌ چۆن نموونه‌و به‌ڵگه‌یان بۆ دێنینه‌وه‌، كه‌چی ئه‌وانه‌ هه‌ر ملهجه‌ڕێ ده‌كه‌ن و ڕوو وه‌رده‌گێڕن.

قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً هَلْ يُهْلَكُ إِلاَّ الْقَوْمُ الظَّالِمُونَ (47)

پێیان بڵێ: باشه‌، ئه‌گه‌ر سزاو تۆڵه‌ی خوا كتوپڕ یه‌خه‌ی پی گرتن، یا به‌ئاشكرا به‌ره‌و ڕووتان هات، ئایا ئه‌و كاته‌ هه‌ر قه‌وم و ده‌سته‌ی سته‌مكاران نیه‌ كه‌ تیا ده‌چن؟

وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلاَّ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ فَمَنْ آمَنَ وَأَصْلَحَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (48)

ئێمه‌ پێغه‌مبه‌ران نانێرین بێ ئه‌وه‌ی مژده‌ده‌رین (بۆ ئیمانداران) وه‌ ترسێنه‌رین (بۆ بێ باوه‌ڕان)، جا ئه‌وه‌ی ئیمان و باوه‌ڕ بێنێت و خۆی چاك و ڕێك و پێك بكاو چاكه‌كاربێت، ئه‌و جۆره‌ كه‌سانه‌ نه‌ ترس و بیم ڕوویان تێ ده‌كات، نه‌ غه‌م و په‌ژاره‌ دایان ده‌گرێت.

وَالَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا يَمَسُّهُمُ الْعَذَابُ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ (49)

ئه‌وانه‌ش كه‌ بڕوا ناهێنن و ئایه‌ته‌كانی ئێمه‌ به‌درۆ ده‌خه‌نه‌وه‌، سزاو ئازار یه‌خه‌یان پێ ده‌گرێت له‌ سه‌رئه‌نجامی گوناهو تاوان و لادانیان دا.

قُل لاَّ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلاَّ مَا يُوحَى إِلَيَّ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الأَعْمَى وَالْبَصِيرُ أَفَلاَ تَتَفَكَّرُونَ (50)

پێیان بڵێ: من ناڵێم كه‌ گه‌نجینه‌كانی سامانی خوا لای منه‌، هه‌روه‌ها له‌ نهێنی و شاراوه‌كانیش هیچ نازانم و ئاگادار نیم، وه‌ ناڵێم من فریشته‌م، به‌ڵكو ته‌نها شوێنی ئه‌وه‌ ده‌كه‌وم كه‌ به‌وه‌حی و نیگا پێم ده‌گات، هه‌روه‌ها پێیان بڵێ: ئایا كوێرو چاوساغ وه‌ك یه‌كن (له‌ ڕاستیدا بێ باوه‌ڕ وه‌ك كوێر وایه‌ له‌ تاریكستان دا گیری خواردبێت، وه‌ له‌ هه‌موو تاوێكی ژیانیداو له‌ هه‌موو هه‌نگاوێكی دا به‌ته‌مای كۆسپ و ته‌گه‌ره‌یه‌،

لەولاشەوە ئیماندار بینایە، چاوساغە، هەموو شتێکی لەلا ڕوونە، دەزانێت بۆچی و، بۆچی دەژی، بەرەو کوێ دەچێت) ئایا بۆ بیر ناکەنەوەو تێ نافکرن.

وَأَنذِرْ بِهِ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحْشَرُواْ إِلَى رَبِّهِمْ لَيْسَ لَهُم مِّن دُونِهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ لَّعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (51)

کەواتە، ئەوانە ئاگادارو هۆشیار بکە کە (دەترسن) کۆبکرێنەوە لای پەروەردگاریان (بۆ لێپرسینەوە)، ئەو کاتە کەس نیە جگە لەو پەروەردگارە پشتیوانیان لێ بکات، کەسیش نیە تکاکاریان بێت، سا بەڵکو بە تەقواو پارێزکاربن و (لە هەوڵی بەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوادابن).

وَلاَ تَطْرُدِ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُم بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ يُرِيدُونَ وَجْهَهُ مَا عَلَيْكَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَمَا مِنْ حِسَابِكَ عَلَيْهِم مِّن شَيْءٍ فَتَطْرُدَهُمْ فَتَكُونَ مِنَ الظَّالِمِينَ (52)

ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) نەکەی ئەوانە دەربکەیت (لە مزگەوت و کۆڕی خواناسین) کە لە بەیانیان و ئێوارارندا لە پەروەردگاریاندەپاڕێنەوەو (دەیپەرستن) مەبەستیان تەنها ڕەزامەندی ئەوە، حساب و لێپرسینەوەی ئەوان لە سەر تۆ نیە، وە حساب و لێپرسینەوەی تۆش لەسەر ئەوان نیە، تا دەریان بکەیت و خۆت بخەیتە ڕیزی زاڵم و ستەمکارانەوە.

وَكَذَلِكَ فَتَنَّا بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لِّيَقُولواْ أَهَؤُلاء مَنَّ اللّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا أَلَيْسَ اللّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ (53)

ئێمە ئا بەو شێوەیە هەندێکیان بە هەندێکیان تاقی دەکەینەوە (کێشە بۆ یەکتر دروست دەکەن، دەبنە بەڵا بۆ یەکتر، یاخود هەندێك هەژار دەکەین و هەندێک دەوڵەمەند...هتد) تا بێ بڕوایان (نەفامانە) بڵێن: خوا ڕێزی ئالەوانە ناوە لەناومان دا؟ (ئەو هەژارو داماوانە کەی شایستەی

ئەوەن کە خوا هەڵیان بژێریێت و هیدایەتیان بدات) ئەیە مەگەر خوا خۆی چاك زانا نیە بە سوپاسگوزاران؟

وَإِذَا جَاءكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِنَا فَقُلْ سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَن عَمِلَ مِنكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِن بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (54)

هەرکاتێك ئەو کەسانە هاتن بۆلات کە ئیمانیان بە ئایەتەکانی ئێمە هەیە (تۆ ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) بڵێ: سڵاوتان لێ بێت (ئەم مژدەیەشیان بدەرێ) کە: پەروەردگارتان فەرزی کردووە لەسەر خۆی (کە بە نیسبەتی ئێوەمانانەوە) بە ڕەحم و میهرەبان و دلۆڤان بێت، وە ئەگەر کەسێکتان بە نەفامی، بە نەزانیی گوناهێکی کرد و لەوەودوا تەوبەی کرد و پەشیمان بۆوە، ئەوە با دڵنیا بێت کە پەروەردگار زۆر لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وَكَذَلِكَ نفَصِّلُ الآيَاتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ الْمُجْرِمِينَ (55)

ئابەو شێوەیەی کە باس کرا بە درێژیی (بەڵگەو نیشانەکانی ئیمان) ڕوون دەکەینەوە تا بە جوانیی و ڕوونیی، ڕێبازی تاوانبار و خوانەناسان دەردەکەوێت و بناسرێن.

قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ قُل لاَّ أَتَّبِعُ أَهْوَاءكُمْ قَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُهْتَدِينَ (56)

(بە بێ باوەڕان) بڵێ: من قەدەغەم لێ کراوە ئەو شتانە بپەرستم کە ئێوە لەجیاتی خوا دەیپەرستن وە بڵێ: من شوێن ئارەزووی (نابەجێی) ئێوە ناکەوم (ئەگەر وا بکەم) ئەوە ئیتر من سەر لێ شێواوم و هەرگیز لە هیدایەتدراوان نیم.

قُلْ إِنِّي عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبْتُم بِهِ مَا عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ (57)

پێیان بڵێ: من زۆر دڵنیام به بەڵگەوە پەروەردگارم (دەناسم و دەیپەرستم) کەچی (پێم سەیره) ئێوه باوەڕتان پێی نیه، ئەوەی ئێوه پەلەتانه بۆتان پێش بێت بەدەست من نیەو لای من نیه، حوکم و فەرمانڕەوایی (هەموو شت) بەدەست خوایه، ئەو زاته ڕاستی و حەقیقەتەکان دەخاتەڕوو، چاکترین جیاکەرەوەشه (له نێوان حەق و باتڵدا).

قُل لَّوْ أَنَّ عِندِي مَا تَسْتَعْجِلُونَ بِهِ لَقُضِيَ الأَمْرُ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِالظَّالِمِينَ (58)

پێیان بڵێ: ئەوەی ئێوه پەلەتانه له پێشهاتنی (سزای خوا) لای من بوایه و بەدەست من بوایه، هەموو شت له نێوانماندا تەواو دەبوو (ئێوه لەنو دەچوون)، وه خوا خۆی چاك زانایه به ستەمکاران.

وَعِندَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لاَ يَعْلَمُهَا إِلاَّ هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلاَّ يَعْلَمُهَا وَلاَ حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الأَرْضِ وَلاَ رَطْبٍ وَلاَ يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (59)

کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بەدەست خوایه و لای ئەوه، کەس هیچی لێ نازانێت جگه لەو زاته هەرچی لەسەر وشکانیه (له گیاندارو بێ گیان و گیاو دارو زیندەوەرانی وردو درشت لەسەر زەوی و لەتوێی خاکدا) خوا پێی دەزانێت، هەروەها هەرچی له دەریاکانیشدا هەیه (له زیندەوەری هەمەجۆرو ماسی سەیرو سەمەره) ئاگای لێیەتی، هیچ گەڵایەك له هیچ دارێك بەرنابێتەوه پێی نەزانێ، هەروەها دەنکێك یا تۆوێك له تاریکستانی زەویدا نیه (که پێی نەزانێت)، ئەو دەنکه چ شێدار بێت یا تەڕ بێت، هیچ شتێك نیه له خوا پەنهان بێت و له (لوح المحفوظ)دا، یاخود له دۆسیەی تیابەت دا تۆمار نەکرابێت.

وَهُوَ الَّذِي يَتَوَفَّاكُم بِاللَّيْلِ وَيَعْلَمُ مَا جَرَحْتُم بِالنَّهَارِ ثُمَّ يَبْعَثُكُمْ فِيهِ لِيُقْضَى أَجَلٌ مُّسَمًّى ثُمَّ إِلَيْهِ مَرْجِعُكُمْ ثُمَّ يُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (60)

هەر ئەو زاتەیە کە بەشەو خەوتان لێ دەخات و دەتان مرێنێت (لەم ساڵانەی دوایی دا زاناکان بۆیان دەرکەوتووە کە خەو جۆرە مردنێکە)، هەروەها دەزانێت لە ڕۆژیش دا چ کارو کردەوەیەك ئەنجام دەدەن، هەموو ڕۆژێك ژیانتان پێ دەبەخشێت و زیندووتان دەکاتەوە تا وادەی دیاری کراو، کە (ڕۆژانی تەمەنتان) تەواو دەبێت و (خەوێکی گەورەتان لێ دەکەوێت) لەوەودوا گەڕانەوەتان بۆ لای ئەو زاتەیە، ئەوجا هەواڵی ئەو کارو کردەوانەتان پێ ڕادەگەیەنێت کە ئەنجامتان داوە.

وَهُوَ الْقَاهِرُ فَوْقَ عِبَادِهِ وَيُرْسِلُ عَلَيْكُم حَفَظَةً حَتَّىَ إِذَا جَاء أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ تَوَفَّتْهُ رُسُلُنَا وَهُمْ لاَ يُفَرِّطُونَ (61)

ئەو زاتە دەسەڵاتی تەواو و بێ سنووری بەسەر بەندەکانی دا هەیە، (فریشتەی) کردوە بە پاسەوان و چاودێری ئێوە (تا لە ژیاندان) هەتا ئەو کاتەی مەرگ یەخە بە کەسێکتان دەگرێت، ئەو کاتە ئیتر (فریشتە) ڕەوانە کراوەکانمان گیانی دەکێشن و لە کاروکردەوەی خۆیان کەمتەرخەمی ناکەن.

ثُمَّ رُدُّواْ إِلَى اللّهِ مَوْلاَهُمُ الْحَقِّ أَلاَ لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ (62)

سەرئەنجام خەڵکی هەموویان گەڕێنرانەوە بۆلای خوا کە سەرووەریی ڕاستەقینەیانە، ئاگاداربن کە حوکم و فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەوە، وە ئەو زاتە خێراو لەماوەیەکی کەمدا لە هەمووان دەپرسێتەوە.

قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ (63)

پێیان بڵێ: کێ فریاتان دەکەوێت و ڕزگارتان دەکات لە تاریکستانی وشکانیی ودەریادا، (کاتێ کە گیر دەخۆن) و بە کەساسی لێی دەپاڕێنەوە، بە نهێنی هانای بۆ دەبەن، (بەڵێن بەخوا دەدەن و دەڵێن) ئەگەر لەم تەنگانەیە ڕزگارمان بکات بە دڵنیاییەوە دەچینە ڕیزی سوپاسگوزارانەوە.

قُلِ اللّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ (64)

تۆش پێیان بڵێ: هەر خوا (لەو تەنگانەیە) ڕزگارتان دەكات، وە لە هەموو تەنگانەیەكی تریش، كەچی پاشان (زۆربەتان) هاوەڵ و شەریكی ناڕەوای بۆ بڕیار دەدەن.

قُلْ هُوَ الْقَادِرُ عَلَى أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ أَوْ يَلْبِسَكُمْ شِيَعًا وَيُذِيقَ بَعْضَكُم بَأْسَ بَعْضٍ انظُرْ كَيْفَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ لَعَلَّهُمْ يَفْقَهُونَ (65)

پێیان بڵێ: ئەو زاتە بەتوانایەو دەتوانێت سزای سەختتان لە سەرووتانەوە بۆ بنێرێت یا لەژێر پێتانەوە یاخود بتانكاتە دەستە دەستەو پارچە پارچە، وە تاڵاوی توندوتیژی هەندێكتان بكات بە گەرووی هەندێكی ترتان دا، تەماشاكە چۆن بەڵگەیان بۆ دەهێنینەوە بەڵكو تێ بگەن.

وَكَذَّبَ بِهِ قَوْمُكَ وَهُوَ الْحَقُّ قُل لَّسْتُ عَلَيْكُم بِوَكِيلٍ (66)

(لەگەڵ ئەوەشدا) قەومەكەی تۆ ئەم بەرنامەو قورئانەیان بەدرۆخستەوە لە كاتێكدا كە هەر ئەوەیە حەقیقەت و ڕاستیی، پێیان بڵێ: ئەوە ئیتر من دەسەڵاتی ڕزگاریی ئێوەم نیە، وە من پشتیوانی ئێوە نیم (ئەگەر خوا بەڵایەكتان بەسەر بێنێت).

لِّكُلِّ نَبَإٍ مُّسْتَقَرٌّ وَسَوْفَ تَعْلَمُونَ (67)

هەموو هەواڵێك (كە لە قورئاندا هاتووە) كاتی بەدی هاتنی خۆی دێت، وە لە ئاییندەدا بۆتان دەردەكەوێت و دەیبینن.

وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّى يَخُوضُواْ فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ وَإِمَّا يُنسِيَنَّكَ الشَّيْطَانُ فَلاَ تَقْعُدْ بَعْدَ الذِّكْرَى مَعَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (68)

هەركاتێك ئەوانەت بینی كە دەم لە ئایەتەكانی ئێمەوە دەدەن و (دەیكەنە گاڵتەجاڕی خۆیان) تۆ پشتیان تێ بكەو كۆڕو كۆبوونەوەیان بەجێ بهێڵە

هەتا ئەو کاتەی کە باسێکی تر دێننە پێشەوە، جا ئەگەر هەر کاتێك شەیتان لەبیری بردیتەوە (کە دەبێت دووربکەویتەوە لێیان) هەر کە بیرت هاتەوە لەگەڵ قەومی ستەمکاران دامەنیشە.

وَمَا عَلَى الَّذِينَ يَتَّقُونَ مِنْ حِسَابِهِم مِّن شَيْءٍ وَلَكِن ذِكْرَى لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ (69)

(هەرچەندە) تاوانی نەفامان هیچ کارناکاتە سەر پاداشتی ئەوانەی خواناس و دیندارن، بەڵام (ئەو هەڵویستە) یادخستنەوەیە بەڵکو خۆیان بپارێزن (لەو کۆڕو کۆمەڵانەو یاخی یەکانیش دابچڵەکێن).

وَذَرِ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَهُمْ لَعِبًا وَلَهْوًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَذَكِّرْ بِهِ أَن تُبْسَلَ نَفْسٌ بِمَا كَسَبَتْ لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللّهِ وَلِيٌّ وَلاَ شَفِيعٌ وَإِن تَعْدِلْ كُلَّ عَدْلٍ لاَّ يُؤْخَذْ مِنْهَا أُوْلَئِكَ الَّذِينَ أُبْسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْ لَهُمْ شَرَابٌ مِّنْ حَمِيمٍ وَعَذَابٌ أَلِيمٌ بِمَا كَانُواْ يَكْفُرُونَ (70)

واز لەوانە بێنە کە گاڵتە بە بیروباوەڕی خۆیان دەکەن و ژیانی دنیا غەڕاو سەرلێشێواوی کردوون، هەمیشە یادیان بخەرەوە تا کەس تیا نەچێت بەهۆی کارو کردەوەی نالەباری یەوە، ئەو کاتە جگە لە خوا کەس نیە پشتیوان بێت، کەسیش نیە تکاکاربێت، کابرای خوانەناس هەرچی یەکی ببێت و بیەوێت بیکاتە بارمتەو فیدیەی خۆی، لێی وەرناگرێت ئەوانە کەسانێکن کە گرفتاربوون بەدەست کاروکردەوەی نالەباری خۆیانەوە، بۆ ئەوانە کاتی خۆی خواردنەوەی بەکوڵ و سزای بەئێش ئامادەیە، چونکە ئەوانە کاتی خۆی کافرو خوانەناس بوون.

قُلْ أَنَدْعُو مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَنفَعُنَا وَلاَ يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَى أَعْقَابِنَا بَعْدَ إِذْ هَدَانَا اللّهُ كَالَّذِي اسْتَهْوَتْهُ الشَّيَاطِينُ فِي الأَرْضِ حَيْرَانَ لَهُ أَصْحَابٌ يَدْعُونَهُ إِلَى الْهُدَى ائْتِنَا قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَىَ وَأُمِرْنَا لِنُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (71)

پێیان بڵێ: (ئایا ڕەوایە) لەجیاتی خوا هاناو هاوار بۆ کەسێك یا بۆ شتێك بەرین، کە نە دەتوانێت قازانجمان پێ بگەیەنێ نە زیان (ئایا ڕاستە کە

بەرەو دوا بگەڕێنەوە دوای ئەوەی خوا هیدایەتی داوین وەك ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت و شێتی کردبێت، بەسەر زەوی دا سەرگەردان بسوڕێتەوە هاوەڵی (دڵسۆز)ی هەبێت، بانگی بکا بۆ ڕێبازی هیدایەت و (بەسۆزەوە پێی بڵێ): وەرە بۆلای ئێمە، (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) تۆ بڵێ: بەڕاستی من دڵنیام کە هەر هیدایەتی خوا هیدایەتە، ئێمە فەرمانمان پێ دراوەکە تەسلیم و فەرمانبەرداری پەروەردگاری جیهانەکان ببین، (وە بەقسەی شەیتانەکان نەکەین).

وَأَنْ أَقِيمُواْ الصَّلاةَ وَاتَّقُوهُ وَهُوَ الَّذِيَ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (72)

هەروەها (فەرمانمان پێ دراوە): نوێژەکان بەچاکی ئەنجام بدەین، وە لەخەشم و قینی خوا خۆمان بپارێزین، چونکە هەر لای خوا کۆدەکرێینەوە.

وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ بِالْحَقِّ وَيَوْمَ يَقُولُ كُن فَيَكُونُ قَوْلُهُ الْحَقُّ وَلَهُ الْمُلْكُ يَوْمَ يُنفَخُ فِي الصُّوَرِ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ وَهُوَ الْحَكِيمُ الْخَبِيرُ (73)

هەر ئەوکاتە ئاسمانەکان و زەوی لەسەر بنچینەو بناغەی حەق و ڕاستی دروستکردووە، هەر ڕۆژێك (هەرکاتێك)، فەرمان (بە نەمان و لەناوچوونی بدات) بێ دواکەوتن پێش دێت، فەرمان و گوفتاری ئەو هەمیشە ڕاست و بەجێیەو ئەنجام دراوە، ئەو ڕۆژەش کە فوو دەکرێت بە (صور)دا هەر ئەو زانای نهێنی و ئاشکرایە، ئەو زاتە خوایەکی زاناو ئاگایە.

وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لأَبِيهِ آزَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا آلِهَةً إِنِّي أَرَاكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (74)

(بەسەرهاتی سەدەکانی ڕابردوو بێنەوە یادیان) کاتێ کە ئیبراهیم بە ئازەری باوکی وت: ئایا بەڕاست، تۆ ئەم بتانە بەخوای خۆی دەزانی؟!

بەڕاستی من دەبینم تۆش و قەومەکەشت لە گومڕایی یەکی ئاشکرادا گیرتان خواردوە.

وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ (75)

بەو شێوەیەی (کە ئیماندار باوەڕی دامەزراوتر دەبێت) ئەستێرەو هەسارەو (نهێنیەکانی) ئاسمانەکان و زەویمان نیشانی ئیبراهیم دا تا بەتەواوی بچێتە ڕیزی دڵنیاکانەوە.

فَلَمَّا جَنَّ عَلَيْهِ اللَّيْلُ رَأَى كَوْكَبًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لا أُحِبُّ الآفِلِينَ (76)

کاتێ کە شەو باڵی کێشا بەسەریا ئەستێرەیەکی (گەشی گەورەی دی) وتی: ئەمە پەروەردگارمە، کاتێ کە ئەستێرەکەی لێ ئاوابوو وتی: من شتی لەبەرچاو وون بووم خۆش ناوێت و حەزی لێ ناکەم.

فَلَمَّا رَأَى الْقَمَرَ بَازِغًا قَالَ هَذَا رَبِّي فَلَمَّا أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمْ يَهْدِنِي رَبِّي لأَكُونَنَّ مِنَ الْقَوْمِ الضَّالِّينَ (77)

کاتێ کە مانگی بینی هەڵهات، وتی: (ڕەنگە) ئەمە پەروەردگارم بێت کاتی کە ئەویش ئاوابوو (لەبەرخۆیەوە) وتی: بەخوا ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتم نەدات دەچمە ڕیزی دەستەی گومڕاکانەوە.

فَلَمَّا رَأَى الشَّمْسَ بَازِغَةً قَالَ هَذَا رَبِّي هَذَآ أَكْبَرُ فَلَمَّا أَفَلَتْ قَالَ يَا قَوْمِ إِنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ (78)

(لەوەدوا کە سەرنجی دا) خۆر هەڵهات، وتی: ئەمەیان پەروەردگارمە ئەمە گەورەتریشە کاتێ کە ئەویش ئاوابوو وتی: ئەی خەڵکینە، ئەی خزمینە، ئیترمن بەریم لەو شتانەی کە ئێوە کردووتانە بە هاوەڵ و شەریك (بۆ پەروەردگار).

إِنِّي وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (79)

من ڕووی خۆمم کردۆته ئەو زاتەی کە ئاسمانەکان و زەوی فەراهەم هێناوە، بەدڵئارامی تەواوەوە (دەڵێم کە): هەرگیز من لە ڕیزی موشریك و هاوەڵپەرستان دا نیم.

وَحَآجَّهُ قَوْمُهُ قَالَ أَتُحَاجُّونِّي فِي اللّهِ وَقَدْ هَدَانِ وَلاَ أَخَافُ مَا تُشْرِكُونَ بِهِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ رَبِّي شَيْئًا وَسِعَ رَبِّي كُلَّ شَيْءٍ عِلْمًا أَفَلاَ تَتَذَكَّرُونَ (80)

(کەچی قەومی نالەبار) کەوتنە موجادەلەو دەمە دەمێ و بەدرۆخستنەوەی (لە وەڵامیاندا ئیبراهیم وتی): ئێوە دەربارەی خوای (تاك و تەنها) لەگەڵ من دا دەمە دەمێ و موجادەلە دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەو هیدایەتی داوم و ڕێبازی ڕاستی نیشان داوم وە من ناترسم لەو شتانەی کە ئێوە کردوتانە بە شەریکی خوا (چونکە ناتوانن زیانێکم پێ بگەیەنن) مەگەر ویستی پەروەردگارمی لەسەر بێت و بیەوێت شتێکم بەسەر بێنێت، زانست و زانیاری پەروەردگارم هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ئایا ئەوە بیرناکەنەوەو یادەوەری وەرناگرن.

وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلاَ تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ (81)

من چۆن لەو شتانە دەترسم لە ئێوە لە جیاتی خوا دەیانپەرستن (لە حاڵێکدا) ئێوە ناترسن لەوەی کە شەریك و هاوەڵتان بۆ خوا بڕیار داوە بەبێ هیچ بەڵگەیەك کە خوا ناردبێتی بۆتان، جا کەواتە کام دەستە شایستەی ئەوەیە کە بێ ترس بێت و بە ئاسایش بژی، ئەگەر ئێوە لێکدانەوەتان هەیەو لەڕاستی یەکان شارەزان.

الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ (82)

بێگومان ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوەو زوڵم و ستەم و شیرکیان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکردووە یاسوودەیی و هێمنیی هەر بۆ ئەوانە، بێگومان ئەوانە ڕێبازی هیدایەتیان گرتۆتەبەر.

وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَّن نَّشَاء إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ (83)

بەو جۆرە بەڵگانە کە بە ئیبراهیممان بەخشی زاڵ بوو بەسەر قەومەکەی دا، پلەپایەی هەر کەسێك شایستەبێت بەرزی دەکەینەوە، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ زۆر داناو کاربەجێیە، وە زۆر زانایە بە هەموو شتێك.

وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ كُلاًّ هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (84)

(لەوەدوا) ئیسحاق و یەعقوبمان پێ بەخشی، هەردووکیانیشمان هیدایەت دا، زووتریش نوح مان هیدایەت دابوو، وە لە نەوەکانی (تری ئیبراهیم) داود و سلیمان و ئەیوب و یوسف و موساو هارون )هاتنە دنیاوەو بونە ڕابەرو چاوساغ بۆ خەڵکی) ئا بەو شێوەیە پاداشتی چاکەخوازان دەدەینەوە (نەوەی چاك و پاك و خواناسیان پێ دەبەخشین).

وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ (85)

(هەروەها) زەکەریا و یەحیاو عیساو ئیلیاس هەر هەموویان لە چاکەکان بوون.

وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلاًّ فضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ (86)

ئیسماعیل و یەسەع و یونس و (لوط)یش (لە هیدایەت دراو و پێغەمبەران بوون) هەریەکە لەوانیشمان ڕێزدارکرد بەسەر هەموو خەڵکی جیهاندا.

وَمِنْ آبَائِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ وَإِخْوَانِهِمْ وَاجْتَبَيْنَاهُمْ وَهَدَيْنَاهُمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (87)

هەروەها هەندێك لە باوانیان و نەوەکانیان و براکانیانمان هەڵبژارد و هیدایەت و ڕێنموویمان کردن بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست.

ذَلِكَ هُدَى اللّهِ يَهْدِي بِهِ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَلَوْ أَشْرَكُواْ لَحَبِطَ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (88)

ئەوەیە هیدایەت و ڕێنمویی خوایی کە هیدایەت و ڕێنمویی هەرکەسێکی پێ دەدا لە بەندەکانی (کە شایستەبێت) خۆ ئەگەر شەریك و هاوبەش بڕیاربدەن ئەوە هەرچی کارو کردەوەیەکی (چاکیشیان) هەیە هەمووی پووچ و بێ نرخ دەبێت.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ وَالْحُكْمَ وَالنُّبُوَّةَ فَإِن يَكْفُرْ بِهَا هَؤُلاء فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَّيْسُواْ بِهَا بِكَافِرِينَ (89)

ئا ئەوانەی (کە ناوبران) ئەوانەن کە کتێبی (ئاسمانی) و حیکمەت و دانایی و پێغەمبەرایەتیمان پێ بەخشیون، ئەگەر ئەوانە بڕوایان پێی نەبێت (لە نەفامان)، ئەوە کەسانێکی تر (لە ژیرو هۆشمەندەکان) بڕوایان پێیەتی و پشتیوانیی لێ دەکەن و لە بێ باوەڕییەوە دوورن.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللّهُ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ قُل لاَّ أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرَى لِلْعَالَمِينَ (90)

ئەو (ناوبراوانە) ئەو کەسانەن کە خوا (بەتایبەت) هیدایەت و ڕێنموونیی کردوون، تۆش )ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) شوێنی هیدایەت و ڕێنموونیی ئەوانە بکەوە وە پێشیان بڵێ: کە من هیچ جۆرە پاداشتێکم لە ئێوە ناوێت وە ئەم قورئان و بەرنامەیە (کە بە مندا ڕەوانە کراوە) تەنها یادخەرەوەیە بۆ هەموو خەڵکی سەر ئەم زەویە.

وَمَا قَدَرُواْ اللّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِذْ قَالُواْ مَا أَنزَلَ اللّهُ عَلَى بَشَرٍ مِّن شَيْءٍ قُلْ مَنْ أَنزَلَ الْكِتَابَ الَّذِي جَاء بِهِ مُوسَى نُورًا وَهُدًى لِّلنَّاسِ تَجْعَلُونَهُ قَرَاطِيسَ تُبْدُونَهَا وَتُخْفُونَ كَثِيرًا وَعُلِّمْتُم مَّا لَمْ تَعْلَمُواْ أَنتُمْ وَلاَ آبَاؤُكُمْ قُلِ اللّهُ ثُمَّ ذَرْهُمْ فِي خَوْضِهِمْ يَلْعَبُونَ (91)

(جولەکە) وەکو پێویست قەدری خوایان نەزانی، ڕێزیان بۆ دانەنا (بەتایبەت) کاتێ کە وتیان: خوا هیچ شتێکی بۆ هیچ کەس ڕەوانە نەکردووە، پێیان بڵێ: باشە ئەی کێ ئەو کتێبەی ڕەوانەکردووە، پێیان

بڵێ: باشە ئەی کێ ئەو کتێبەی ڕەوانەکرد کە موسا هێنای (بۆتان)، نورو هیدایەتیش بوو بۆ خەڵکی، (کەچی حاخامەکان) بە بەش بەش و پارچە پارچەیی نیشانتان دەدەن و زۆریشتان لێ دەشارنەوە (بەتایبەت دەربارەی پێغەمبەرو قورئان) هەروەها هەندێك شت فێرکران کە نەئێوە دەتانزانی نە باوانتان، پێیان بڵێ: هەر خوا خۆی چاکتر دەزانێت (کە چەندە دەزانن ئەم قورئانە ڕاستە بەڵام هەر دژایەتی دەکەن) لەوەودوا وازیان لێ بێنە با لە بەتاڵ و نادروستی خۆیان دا هەر گەمە یاری بکەن.

وَهَذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ يُحَافِظُونَ (92)

ئەم (قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە، دامانبەزاندووە، ڕاستی کتێبەکانی پێشوو دەسەلمێنێت (بەتایبەت تەورات و ئینجیل، کە ئەوانیش لەلایەن خواوە ڕەوانە کراون) تا شارە دێرینەکەو هەموو دەوروبەری داچڵەکێنێت و (بانگیان بکات بۆ ئیسلام، کە دانیشتوانی هەموو گۆی زەوی دەگرێتەوە) جا ئەوانەی باوەڕیان بە قیامەت هەیە، بڕوایان بە قورئانیش هەیە، وە لەسەر نوێژەکانیان بەردەوامن و هەمیشە لەکاتی خۆی دا ئەنجامی دەدەن.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أَوْ قَالَ أُوْحِيَ إِلَيَّ وَلَمْ يُوحَ إِلَيْهِ شَيْءٌ وَمَن قَالَ سَأُنزِلُ مِثْلَ مَا أَنَزلَ اللّهُ وَلَوْ تَرَى إِذِ الظَّالِمُونَ فِي غَمَرَاتِ الْمَوْتِ وَالْمَلآئِكَةُ بَاسِطُواْ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُواْ أَنفُسَكُمُ الْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ الْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى اللّهِ غَيْرَ الْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ آيَاتِهِ تَسْتَكْبِرُونَ (93)

کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بۆ خوا هەڵبەستێت و بڵێت: منیش وەحی و نیگام بۆهاتووە لە ڕاستیش دا هیچی بۆ نەهاتبێت هەروەها ئەو کەسەش کە دەڵێت: منیش وەك (قورئان کتێبێك دادەنێم) وەك خوا دایدەبەزێنم و ڕای دەگەیەنم خۆ ئەگەر ئەو ستەمکارانە ببینی چۆن لە سەرەمەرگدا (گیرێکیان خواردووە) کاتێ فریشتەکان دەستیان لێ

دەکەنەوەو لێیان دەدەن و (پێیان دەڵێن) ئادەی گیانتان بدەن بە دەستەوە، دەی ڕۆحتان دەرکەن، ئەمڕۆ لە تۆڵەی (خوا نەناسیتاندا) سزاو ئەشکەنجەی خەجاڵەت و شەرمەزاری دەدرێن، چونکە شتی ناحەقتان بەدەم خواوە هەڵدەبەست وە خۆتان بە گەورە دەزانی لە بەرانبەر ئایەتەکانی خوادا و فیزتان نەیدەهێشت (باوەڕی پێ بێنن).

وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَى كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاء ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَى مَعَكُمْ شُفَعَاءكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاء لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ (94)

(لە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە ڕوو بە خوانەناسان دەفەرموێت) ئێستا ئێوە بەتاقی تەنها هاتونەتە لامان هەروەکو یەکەم جار ئێوەمان دروست کرد، وە هەرچی پێمان بەخشی بوون و بەکارتان دەهێنا بەجێتان هێشتووە، وە ناشبینن ئەو کەس و شتانەی کە ئێوە دەتانگوت تکاکارن بۆمان و فریامان دەکەون، ئیتر ئەوەتە بەڕاستی هەرچی پەیوەندیەك هەبوو لە نێوانتاندا پچڕاوەو هەرچی ئومێدتان پێی هەبوو لێتان ون بووە.

إِنَّ اللّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَى يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ ذَلِكُمُ اللّهُ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ (95)

بەڕاستی هەر خوایە کە دەنك و ناوك وقاژ دەکاو دەیپشکوێنێت، زیندوش لە مردوو دەردێنێت، دەرهێنەری مردوشە لە زیندوو، هەر ئەو خوایە پەروەردگارتانە ئیتر بۆ کوێ دەچن و بۆ کوێ وێڵ دەبن.

فَالِقُ الإِصْبَاحِ وَجَعَلَ اللَّيْلَ سَكَنًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ حُسْبَانًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (96)

(هەر ئەو زاتەیە کە) بەیانیان فەراهەم دێنێت و ئاسۆ ڕووناك دەکاتەوە، وە شەوی کردووە بەهۆی ئارامیی و خامۆشیی، ڕۆژو مانگیشی کردووە بەهۆی ڕاگرتنی حساب، ئەو شتانە هەمووی بە نەخشەی خوای باڵادەست و زانا کێشراوە.

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ النُّجُومَ لِتَهْتَدُواْ بِهَا فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (97)

هەر ئەو زاتە، ئەستێرەی بۆ فەراهەم هێناون تا ببێتە هۆی ڕێنموویی تان لەناو تاریکستانی سەر ڕووی وشکانی و دەریاکاندا، بەڕاستی ئێمە نیشانەو بەڵگەی زۆرمان (لەسەر دەسەڵاتی خۆمان و ڕێك و پێکی کارمان) ڕون کردۆتەوە بۆ کەسانێك کە پێی بزانن و لێی تێ بگەن.

وَهُوَ الَّذِيَ أَنشَأَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ فَمُسْتَقَرٌّ وَمُسْتَوْدَعٌ قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَفْقَهُونَ (98)

هەر ئەو زاتە ئێوەی بەدی هێناوە لە تاکە کەسێك، سەردەمێك (بەشێکتانی لە پشتی باوکتانا) نیشتەجێ کردبوو (وە کە گوێزرانەوە بۆناو سکی دایکتان) ئەو شوێنە ئێوەی گرتە خۆ (تا تیایدا نەشونما بکەن، یاخود بۆ ماوەیەك ئێوە ی لەسەر ڕووکاری زەوی دانا، دوایی لە توێی دا شاردنیەوە تا ڕۆژی قیامەت) بەڕاستی ئێمە نیشانەو بەڵگەی زۆرمان (لەسەر دروستکردنی ئێوەو دروستکاریی خۆمان هێناوەتەوە) بۆ کەسانێك کە تێ بگەن و تێفکرن.

وَهُوَ الَّذِيَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انظُرُواْ إِلِى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَلِكُمْ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (99)

وە هەر ئەو زاتە لە (هەوری) ئاسمانەوە (ئاوی) باران دەبارێنێت (دەفەرموێت): کە بەهۆیەوە چرۆو چەکەرەی هەموو شتێکی پێ دەدێنین و شینی دەکەین، وە لاسکی سەوزی لێ پەیدا دەکەین، زنجیرە دانەی سەفتەکراوی لێ دروست دەکەین، (وەك گوڵە گەنم و چەڵتوك و گەنمەشامی و....هتد) لە دارخورماش لەهەندێ چڵەپۆپ و لق و پۆپی هێشوی خورما دەبێتەوە، هەروەها باخاتی ڕەزو ترێ، زەیتون و هەناریش کە هەیانە لە ڕواڵەت دا لەیەك دەچێت، هەشیانە لەیەك ناچێت، جا تەماشای بەرەکەی بکەن کاتێ کە دەیگرێت، کاتێ کە پێ دەگات،

(سەرەتا هەندێکی گوڵەو دوایی خۆی هەڵدەپێچێت، ڕەنگ و قەبارەیەك دەگرێتە خۆی، دوای چەند مانگێك قەبارەشی گەورەتر دەبێت، ڕەنگیشی دەگۆڕێت، ئەوسا پێ دەگات و تام و بۆنی سروشتی خۆی بۆ دروست دەبێت) بەڕاستی ئاڵەو شتانەدا (کە ئاماژەیان بۆ کرا) بەڵگەو نیشانەی تەواو هەیە بۆ کەسانێك کە ئیمان و باوەڕیان هەیە (بەو بەدیهێنەرەی کە ئاسەواری دەستی بە دەسەڵاتی لە هەموو شتێکدا بەدی دەکرێت).

وَجَعَلُواْ لِلّهِ شُرَكَاء الْجِنَّ وَخَلَقَهُمْ وَخَرَقُواْ لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَصِفُونَ (100)

(لەگەڵ ئەو هەموو نیشانەی دەسەڵاتداری یەدا نەفامان) پەری دەکەنە هاوبەش و شەریکی خوا، لەحاڵێکدا کە هەر خوا دروستکاری پەرییەکانە، وە بە ناحەق کوڕو کچ دەدەن پاڵی، بێ هیچ جۆرە زانیاریەك (گاور دەڵێ: عیسا کوڕی خوایە، جوو دەڵێ: عوزەیر، موشریکەکان دەڵێن فریشتەکان کچی خوان!!)

بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (101)

ئەو زاتە بەدی هێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە لە جوانترین و ڕێك و پێکترین شێوەدا، چۆن دەبێتە خاوەن کوڕ؟!، خۆ ئەو هاوسەری نەگرتووە بەڵکو هەموو هەموو شتێکی دروست کردوە، و ەئەو زاتە بەهەموو شتێك زانایە.

ذَلِكُمُ اللّهُ رَبُّكُمْ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ فَاعْبُدُوهُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (102)

ئا ئەو خوایە پەروەردگارتانە، جگە لەویش هیچ خوایەکی تر نیە، بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەو زاتە بپەرستن و عیبادەتی تەنها ئەو بکەن چونکە ئەو خوایە ئاگادارو چاودێری هەموو شتێکە.

لاَّ تُدْرِكُهُ الأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ (103)

دەزگای بینایی و (بۆچوونی ئادەمیزاد) ناتوانێت ئەو زاتە ببینێت، زانیاری ئەو خوایە هەموو شتێکی گرتۆتەوە، ئاگاداریشە بە هەموو دەسگاکانی بینایی، ئەو زاتە ناسک و کارو ئاگایە.

قَدْ جَاءكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ فَمَنْ أَبْصَرَ فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ عَمِيَ فَعَلَيْهَا وَمَا أَنَاْ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ (104)

بێگومان بەڵگەی ڕوون و ئاشکراتان لەلایەن پەروەردگارتانەوە پێ گەیشتووە (لەسەر بوونی خوایەکی باڵادەست و دانا، لە قورئانی بێ وێنەدا)، جا ئەوەی لە ڕاستیەکان تێ فکرێت و تێ بگات و گۆڕانکاری لە بیروهۆشی ژیانیا ئەنجام بدات، ئەوە هەر خۆی قازانج دەکات، ئەوەش هەر لەسەر خۆی دەکەوێت و خۆی زەرەر دەکات، وە من (واتە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بە هیچ شێوەیەك چاودێر نیم بەسەرتانەوە.

وَكَذَلِكَ نُصَرِّفُ الآيَاتِ وَلِيَقُولُواْ دَرَسْتَ وَلِنُبَيِّنَهُ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (105)

هەر بەو شێوەیە (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) ئایەتی جۆراوجۆرت بۆ ڕەوانە دەکەین لە هەموو بارەیەکەوە، با هەر بڵێن خوێندوتەو بەدەرس پێت وتراوە (ئێمە دەمانەوێت) ڕوونی بکەینەوە بۆ کەسانێکی زانو تێگەیشتوو.

اتَّبِعْ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ (106)

(تۆ ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) شوێنی ئەو بەرنامەیە بکەوە کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بە نیگاو (وحی) پێت ڕاگەیەنراوە، جگە لەو، خوایەکی تر نیە، گوێ مەدە (بە گاڵتەو قسەی ناڕێکی) موشریك و هاوەڵپەرستان.

وَلَوْ شَاء اللّهُ مَا أَشْرَكُواْ وَمَا جَعَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِوَكِيلٍ (107)

خۆ ئەگەر پەروەردگارت (بیویستایە شایستە بوونایە) موشریك نەدەبوون، خۆ ئێمە تۆمان نەكردووە بە چاودێری ئەوان، وە تۆ دەسەڵاتت نیە بەسەریاندا (تا بە زۆر هیدایەتیان بەسەردا بسەپێنیت)

وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (108)

(ئەی ئیمانداران) نەكەن جوێن بدەن بەو بتانەی كە (نەفامان) دەیپەرستن لە جیاتی خوا، تا ئەویش بە ناحەق و بەستەم جوێن نەدەن بە خوا، (چونكە ئەوانە) نایناسن و قەدری نازانن، ئا بەو شێوەی ئێمە بۆ هەر قەومێك بیرو باوەڕێكمان رازاندۆتەوە، لەوەودوا گەڕانەوەیان بۆلای پەروەردگاریانە، ئەوسا لە هەموو كاروكردەوەیەكیان ئاگاداریان دەكات.

وَأَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءتْهُمْ آيَةٌ لَّيُؤْمِنُنَّ بِهَا قُلْ إِنَّمَا الآيَاتُ عِندَ اللّهِ وَمَا يُشْعِرُكُمْ أَنَّهَا إِذَا جَاءتْ لاَ يُؤْمِنُونَ (109)

موشریك و هاوەڵ پەرستان بە هەموو توانایەكیانەوە سوێندیان بە خوا دەخوارد كە ئەگەر (معجزة)یان نیشان بدرێت بێگومان باوەر دێنن، پێیان بڵێ: (معجزة) تەنها لای خوایەو بدەست ئەوە، جا ئێوە چوزانن، چونكە لەوانەیە ئەو داخوازی و (معجزة)و بەڵگانەشیان بۆ پێش بێنین هەر باوەڕ نەهێنن.

وَنُقَلِّبُ أَفْئِدَتَهُمْ وَأَبْصَارَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِي طُغْيَانِهِمْ يَعْمَهُونَ (110)

چونكە ئەوكاتە دڵ و دەروون و بۆچوونیان هەڵدەگێڕینەوە (لە نێوان جۆرەها لێكدانەوەو ئەگەردا) هەروەكو چۆن یەكەم جا لە سەرەتاوە باوەڕیان نەبوو (بە دەسەڵاتی بێ سنووری خوا ئەم هوموو (معجزة) بێ شومارە كە دەوری داون)، ئێمە جارێ وازیان لێ دێنین تا لە ستەم و سەركەشیی خۆیاندا سەرگەردان بن و ڕۆ بچن.

وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلآئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَى وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَّا كَانُواْ لِيُؤْمِنُواْ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ (111)

خۆ ئەگەر (موشریکان جێبەجێ بکەین و) فریشتە دابزێنین و مردوو قسەیان بۆ بکات، هەموو شتێك بە دەوریاندا کۆبکەینەوە، هەر باوەڕ ناهێنن، مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت (هۆی یاخی بوون و سەرکەشیان ئەوەیە کە) زۆربەیان نەفام و نەزانن (بیرناکەنەوەو تێنافکرن، هەتا ئەمڕۆش گا پەرست و، شەیتان پەرست و، بت پەرستان هەر ماون، هەیانە خاوەنی بڕوانامەی بەرزیشن، بەڵام لە ڕووی ئایندارییەوە لەوپەڕی دواکەوتن و کۆنەپەرستی دان).

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا شَيَاطِينَ الإِنسِ وَالْجِنِّ يُوحِي بَعْضُهُمْ إِلَى بَعْضٍ زُخْرُفَ الْقَوْلِ غُرُورًا وَلَوْ شَاء رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (112)

هەر بەو شێوەیە (کێشمە کێشمی ئیمانداران و خوانەناسان بەردەوامە) وە بۆ هەر پێغەمبەرێك (بۆ ئیماندارانیش) دوژمنانمان لە شەیتانەکانی ئادەمیزادو پەری سازاندوو، کە بەردەوام قسەی زل و ڕازاوە دەدەن بەگوێی یەکداو خەڵکی سەرگەردان و گومڕا دەکەن، خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە (نەیدەتوانی) شتی وا بکەن، وازیان لێبێنە بە هەر درۆو دەلەسە هەڵبەستن (بۆکوێ دەچن، لەدەست سزای خوایی قوتار نابن).

وَلِتَصْغَى إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُواْ مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ (113)

(با هەر بێ باوەڕان) گوێ بگرن بۆ پڕوپاگەندەی ئەوانەی کە باوەڕیان بە قیامەت نیە، با هەر بەو کارە نارەوایە ڕازیی بن و با هەر بەردەوام بن لەسەر گوناهو تاوان و لادانیان.

أَفَغَيْرَ اللّهِ أَبْتَغِي حَكَمًا وَهُوَ الَّذِي أَنَزَلَ إِلَيْكُمُ الْكِتَابَ مُفَصَّلاً وَالَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْلَمُونَ أَنَّهُ مُنَزَّلٌ مِّن رَّبِّكَ بِالْحَقِّ فَلاَ تَكُونَنَّ مِنَ الْمُمْتَرِينَ (114)

ئایا ڕەوایە (بۆ منی پێغەمبەر، بۆ منی ئیماندار) جگە لە خوا کەسێکی تر بکەمە حەکەم و دادوەر، لە کاتێکدا کە ئەو زاتە بە ڕوونی کتێبی

(پیرۆزی خۆی کە قورئانە) بۆ ڕەوانە کردوون، جا ئەوانەی کە کتێبی (ئاسمانیمان) پێ بەخشیون (لە گاورو جوو) چاك دەزانن کە ئەم قورئانە لەلایەن پەروەردگارتەوە بەڕاست و ڕەوا ڕەوانە کراوە، ئیتر تۆ هەرگیز مەچۆرە ڕیزی گومانبازانەوە.

وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلاً لاَّ مُبَدِّلِ لِكَلِمَاتِهِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (115)

فەرمان و فەرموودەکانی پەروەردگات (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) لەوپەڕی ڕاستی و دادپەروەریدا بەئەنجام گەیشتووە، بەهیچ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردا نایەت، چونکە ئەو زاتە بیسەرە بە گوفتاری هەمووان، زانایە بە هەموو نهێنی و ئاشکرایەك.

وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللّهِ إِن يَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَخْرُصُونَ (116)

خۆ ئەگەر فەرمانبەردارو ملکەچی زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بیت ئەوە لە ڕێبازی خوا وێڵت دەکەن (چونکە زۆربەی ئەو خەڵکە) هەر شوێنی گومان دەکەون و (بەشتی پڕوپووچ بڕوا دەکەن)، ئەوانە هەر درۆو نادروستی هەڵدەبەستن.

إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ مَن يَضِلُّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ (117)

بەڕاستی پەروەردگاری تۆ چاك زانایە بەوەی: کێ لە ئاین و ڕێبازی ئەو خۆی وێڵ دەکات و خۆی گومڕا دەکات، وە هەر ئەو زاتە لە هەموو کەس زاناترە بەوانەی کە هیدایەت دراون و هیدایەتیان وەرگرتووە.

فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ بِآيَاتِهِ مُؤْمِنِينَ (118)

(ئەی ئیمانداران لە ئێستە بەدواوە، لەو زیندەوەرە سەربڕاوانە) بخۆن کە ناوی خوا لەکاتی سەربڕینیاندا دەوترێت، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕێنموونی و ئایەتەکانی هەیە.

وَمَا لَكُمْ أَلاَّ تَأْكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُم مَّا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلاَّ مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ وَإِنَّ كَثِيرًا لَّيُضِلُّونَ بِأَهْوَائِهِم بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِالْمُعْتَدِينَ (119)

جا ئیتر ئەوە بۆچی ناخۆن (لە گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی) کە ناوی خوا براوە لەسەریان (لە کاتی سەربڕینیاندا) خۆ ئەوەی حەرام کراوە لەسەرتان بۆتان ڕوونکراوەتەوە، مەگەر ناچاربن بیخۆن، بەڕاستی زۆربەی خەڵکی سەرگەردان و گومڕا دەبن بەهۆی شوێن کەوتنی ئارەزووەکانیانەوە بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکیان هەبێت (هەر لە خۆیانەوە شت حەرام دەکەن) بێگومان پەروەردگارت خۆی چاك ئەو کەسانە دەناسێت کە دەست درێژکارن و خۆشیان و خەڵکیش لە سنوور دەترازێنن.

وَذَرُواْ ظَاهِرَ الإِثْمِ وَبَاطِنَهُ إِنَّ الَّذِينَ يَكْسِبُونَ الإِثْمَ سَيُجْزَوْنَ بِمَا كَانُواْ يَقْتَرِفُونَ (120)

(ئەی گرۆی ئیمانداران) واز بێنن لە هەموو گوناهو هەڵەیەکی ئاشکراو نادیار (لەو گوناهانە بە دووربن کە بەدڵ و دەروون دەکرێت، هەروەها لەوانەش کە بەدەم و دەست و ئەندامەکان دەکرێت) بەڕاستی ئەوانەی گوناهو تاوان ئەنجام دەدەن پاداشتی گوناهو تاوانەکانیان یەخەیان پێ دەگرێت.

وَلاَ تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ وَإِنَّ الشَّيَاطِينَ لَيُوحُونَ إِلَى أَوْلِيَآئِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ (121)

(لەو ئاژەڵە سەربڕاوانە) مەخۆن کە ناوی خوا لەکاتی سەربڕینیاندا نەبراوە، (چونکە) ئەوە لادان و گوناهە، دڵنیابە کە شەیتانەکان شت دەخەنە دڵی لایەنگرەکانیانەوە تا موجادەلەتان لەگەڵ بکەن و (بەرگی لە بەتاڵیان بکەن) جا ئەگەر ئێوە فەرمانبەرداری ئەو موشریك و شەیتانانە بن ئەوە مانای وایە کە ئێوەش موشریکن.

أَوَ مَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (122)

ئایا ئەو کەسەی کە (وەك) مردوو وابوو، ئێمە زیندوومان کردەوە (بەنوری ئیمان و قورئان) وە نوورو ڕووناکیەکمان پێ بەخشی کە لەژیانی دا لەناو خەڵکی دا پێی دەڕواو هەڵسوکەوتی پێ دەکات (هاندەرێتی بۆ هەموو چاکەیەك، وە دەیگێڕێتەوە لە هەموو خراپەیەك)، (ئایا ئەو کەسە) وەکو ئەوە وایە کە لە تاریکستاندا گیری خواردبێت و سەری لێ دەرنەکات، (لەگەڵ ئەوەشدا) ئا بەو شێوەیە (کە دەبینرێت) کاروکردەوەی (ناپەسەندی) بێ باوەڕان بۆیان ڕازێنرابێتەوەو (دڵیان پێی خۆشە).

وَكَذَلِكَ جَعَلْنَا فِي كُلِّ قَرْيَةٍ أَكَابِرَ مُجَرِمِيهَا لِيَمْكُرُواْ فِيهَا وَمَا يَمْكُرُونَ إِلاَّ بِأَنفُسِهِمْ وَمَا يَشْعُرُونَ (123)

بەو شێوەیەی (کە ئاشکرایە)، بۆ هەموو شارو شارۆچکەیەك کەسانێکی تاوانبارو تاوانکارمان بەدی هێناوە تا پیلان و تەڵەکە بگێڕن، (بێ ئەوەی بزانن کە) پیلان دژی خۆیان دەگێڕن و بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە (بەڵام) هەستی پێ ناکەن.

وَإِذَا جَاءتْهُمْ آيَةٌ قَالُواْ لَن نُّؤْمِنَ حَتَّى نُؤْتَى مِثْلَ مَا أُوتِيَ رُسُلُ اللّهِ اللّهُ أَعْلَمُ حَيْثُ يَجْعَلُ رِسَالَتَهُ سَيُصِيبُ الَّذِينَ أَجْرَمُواْ صَغَارٌ عِندَ اللّهِ وَعَذَابٌ شَدِيدٌ بِمَا كَانُواْ يَمْكُرُونَ (124)

(بێ باوەڕان) هەرکاتێ ئایەتێکی قورئانیان پێ ڕابگەیەنرایە دەیانگوت: ئێمە باوەڕ ناهێنین هەتا وەك پێغەمبەرانی خوا پەیامی یەکسەریمان پێ نەگات، بێگومان خوا خۆی چاك زانایە کە کێ شایستەی پەیامەکەیەتی، لە ئایندەیەکی نزیکیش دا ئەوانەی کە تاوانبارو تاوانکارن سووکیی و ڕیسوایی و بێ نرخییان لای خوا بۆ دەمێنێتەوە، هاوڕێ لەگەڵ سزای پڕ ئێشدا لە پاداشتی پیلان و تەڵەکەبازی یان دا.

فَمَن يُرِدِ اللّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلاَمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاء كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ (125)

ئەوەی (خێری تیابێت) و خوا بیەوێت هیدایەتی بدات سینەی ساف و پاك و ئامادە دەكات بۆ ئاینی ئیسلام، ئەوەش كە بیەوێت گومڕای بكات، دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەكات و هەناسەی سوار دەبێت، هەروەك ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە (چۆن تووشی تەنگە نەفەسیی و دڵە تەپێ و خوێن بەربوون دەبێت)، ئا بەو شێوەیە خوا ئەوانە سووك و ڕیسوا دەكات كە باوەڕ ناهێنن.

وَهَذَا صِرَاطُ رَبِّكَ مُسْتَقِيمًا قَدْ فَصَّلْنَا الآيَاتِ لِقَوْمٍ يَذَّكَّرُونَ (126)

ئەم ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەیە ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەی ڕاست و دروستی پەروەردگاری تۆیە، بێگومان ئێمە هەموو بەڵگەیەكمان ڕوون كردۆتەوە بۆ كەسانێك كە یاداوەری وەردەگرن.

لَهُمْ دَارُ السَّلاَمِ عِندَ رَبِّهِمْ وَهُوَ وَلِيُّهُمْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (127)

ئەوانە بەهەشتی پڕ لە ئاشتی و هێمنی یان بۆ ئامادەیە لای پەروەردگاریان، ئەو زاتە پشتیوانیانە بەهۆی كاروكردەوەی (چاكیانەوە) كە ئەنجامیان دەدا.

وَيَوْمَ يِحْشُرُهُمْ جَمِيعًا يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ قَدِ اسْتَكْثَرْتُم مِّنَ الإِنسِ وَقَالَ أَوْلِيَآؤُهُم مِّنَ الإِنسِ رَبَّنَا اسْتَمْتَعَ بَعْضُنَا بِبَعْضٍ وَبَلَغْنَا أَجَلَنَا الَّذِيَ أَجَّلْتَ لَنَا قَالَ النَّارُ مَثْوَاكُمْ خَالِدِينَ فِيهَا إِلاَّ مَا شَاء اللّهُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَليمٌ (128)

ڕۆژێك دێت خوا هەموانیان كۆ دەكاتەوەو (بەخەشم و قینەوە دەفەرمووێت): ئەی دەستەی پەریەكان بەڕاستی ئێوە زۆر كەستان لە ئینسانەكان گومڕا كرد، لەولاشەوە گوێ لە مشتەكانیان، (لە خەڵكی نەگبەت و ڕەنجەڕۆ) دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە هەندێكمان بەهەندێكمان ڕامانبوارد ئێستاش ئەوەتە گەیشتووینەتە ئەو كات و ساتەی كە تۆ بۆت دیاری كردووین (خوا)یش دەفەرموێت: (مادام وایە) دۆزەخ جێگەتانە تا

ژیانی نەبڕاوەی تیا بەرنەسەر، تا ئەو کاتەی خوا ویستی لەسەرە، بەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) داناو زانایە.

وَكَذَلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ (129)

ئا بەو شێوەیە ستەمکاران دەکەینە پشتیوان و هاوکاری یەکتر (لەدنیادا، تا لە قیامەتدا) بە سزای کارو کردەوەی خۆیان بگەن.

يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَاء يَوْمِكُمْ هَذَا قَالُواْ شَهِدْنَا عَلَى أَنفُسِنَا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَشَهِدُواْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُواْ كَافِرِينَ (130)

(لەڕۆژی قیامەتدا خوا دەفەرموێت): ئەی دەستەی پەری و ئینسان، ئایا پێغەمبەرانتان بۆ ڕەوانە نەکرا لە خۆتان کە ئایەتەکانی من و ڕووداوەکان بخەنە بەرچاوتان و ئاگادارتان بکەن لەوەی کە ئەم ڕۆژەتان بۆ پێش دێت؟! (هەموو بەیەك دەنگ) دەڵێن: ڕاستە، ئێمە خۆمان دەدەین (بەڵام ئەوانە کاتی خۆی) ژیانی دنیا سەری لێ شێواندبوون، وە شایەتیان لە سەرخۆیان دا کە کاتی خۆی کافرو بێ باوەڕ بوون.

ذَلِكَ أَن لَّمْ يَكُن رَّبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا غَافِلُونَ (131)

چونکە پەروەردگاری تۆ (نەیکردووە بە عادەت) کە شارو شوێنەکان بە ناحەق کاول بکات و خەڵکەکەی غافڵ و بێ ئاگابن و پەیامی خۆیان پێ ڕاگەیەنرابێت.

وَلِكُلٍّ دَرَجَاتٌ مِّمَّا عَمِلُواْ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ (132)

بۆ هەرکەس پلە پایەی تایبەتی خۆی هەیە (لە بەهەشتا، ئەگەر ئیمانداربێت) بەگوێرەی کردەوەکانی (هەروەها پلە نزمەکانی دۆزەخیش بەگوێرەی خوانەناسیی و تاوان دابەشکراوە) بێگومان پەروەردگاری تۆ لە کارو کردەوەی (ئەو خەڵکە) غافڵ و بێ ئاگا نیە.

وَرَبُّكَ الْغَنِيُّ ذُو الرَّحْمَةِ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَسْتَخْلِفْ مِن بَعْدِكُم مَّا يَشَاء كَمَآ أَنشَأَكُم مِّن ذُرِّيَّةِ قَوْمٍ آخَرِينَ (133)

پەروەردگاری تۆ دەوڵەمەندو بێ نیازە، هەروەها خاوەنی سۆزو میهرەبانیشە، ئەگەر بیەوێت ئێوە لادەبات و لەناوتان دەبات، هەرچی و هەرکەسیشی مەبەست بێت دوای ئێوە جێنشینی دەکات، هەروەکو ئێوەی لەنەوەی کەسانێکی تر هێنایە کایەوە.

إِنَّ مَا تُوعَدُونَ لآتٍ وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ (134)

بەڕستی ئەو بەڵێنانەی کە دەتان درێتێ (دەربارەی قیامەت و لێ پرسینەوە) بەڕێوەیەو هەر دێت، بەڕاستیی ئێوە ناتوانن (لە دەستی ئەو زاتە خۆتان) دەرباز بکەن.

قُلْ يَا قَوْمِ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُ عَاقِبَةُ الدِّارِ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ (135)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم پێیان) بڵێ: ئەی قەوم و هۆزم چیتان بۆ دەکرێت (لە دژی من) ئەنجامی بدەن منیش چیم بۆ دەکرێت (لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ هیدایەت و ئیمان) ئەنجامی دەدەم، لە ئایندەدا دەردەکەوێت کە سەرئەنجامی چاك و ماڵی قیامەت بۆ کێ دەبێت، دڵنیاش بن کە ستەمکاران سەرفراز نابن.

وَجَعَلُواْ لِلّهِ مِمِّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُواْ هَذَا لِلّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَذَا لِشُرَكَآئِنَا فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلاَ يَصِلُ إِلَى اللّهِ وَمَا كَانَ لِلّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَى شُرَكَآئِهِمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ (136)

(ئەو موشریکە نەفامانە) لەبەروبوومی کشتوکاڵ و ماڵات بەشی خوایان جیاکردۆتەوە (هەندێکیان لاداوەو) وتویانە: ئەمە ئیتر بەشی خوایە (هەندێکی تریشیان جیاکردۆتەوەو وتویانە) ئەمەش بۆ بتەکانمانە، جا ئەوەی بۆ بتەکانیان بڕیاریان داوە بە خوا ناگات، (واتە قبوڵ و پەسەند نیە، خوای گەورە لە هەموو کەس بێ نیازترە لە شەریك و هاوەڵ و هاوبەش) ئەوەش (کە بە خەیاڵی ئەوان) بۆ خوا بڕیاریان داوە دەگەیشتە

لای بتەکان و بۆ ئەوان دەبوو، (بەڕاستی ئەو نەفامانە) بە یاسایەکی ناڕێک و بەرنامەیەکی بێ سەروبن ڕەفتار دەکەن.

وَكَذَلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلاَدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُواْ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ وَلَوْ شَاء اللّهُ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ (137)

ئا بەو شێوەیە (کە بیستوتانە) بۆ زۆربەی موشریك و هاوەڵپەرستان ڕازێنراوەتەوە کوشتنی منداڵانی خۆیان (نەفامانی عەرەب کچانیان زیندە بەچاڵ دەکرد) ئەمەش بەهۆی هاندانی سەرگەردانەکانەوە بوو، تا لە ئاین دووریان بخەنەوەو سەر لێ شێواویان بکەن، خۆ ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت ناتوانن کاری وا بکەن، وازیان لێ بێنە بۆ خۆیان و درۆو دەلەسەکانیان.

وَقَالُواْ هَذِهِ أَنْعَامٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لاَّ يَطْعَمُهَا إِلاَّ مَن نّشَاء بِزَعْمِهِمْ وَأَنْعَامٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَامٌ لاَّ يَذْكُرُونَ اسْمَ اللّهِ عَلَيْهَا افْتِرَاء عَلَيْهِ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (138)

(موشریکەکان) دەیانوت: ئەم ماڵاتانەو ئەم کێڵگانە قەدەغەکراون بە بڕیاری ئەوان، نابێت کەس لێی بخوات مەگەر بە ویستی خۆمان نەبێت، هەندێك ماڵاتی تریش (بەرەڵابوون) حەرام بوو لایان بۆ سوارییی، یا بۆ بار (بەکاربهێنرێت) ماڵتێکی تریش ناوی خوای لەسەر نابەن (ناوی بتەکان دەبەن و) درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن (گوایە بەو کارەیان ڕازی یە)، (خوا) لە ئایندەدا تۆڵەی هەموو ئەو شتانەیان لێ دەسێنێت کە بە ناحەق هەڵی دەبەستن.

وَقَالُواْ مَا فِي بُطُونِ هَذِهِ الأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَى أَزْوَاجِنَا وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاء سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حِكِيمٌ عَلِيمٌ (139)

(نەفامییەکی تر کە پەیڕەوی دەکەن ئەوەیە کە) دەڵێن: هەرچی لەسکی ئەم ماڵاتانەدا بێت (لە بەچکەو کۆرپەلە) تایبەتی نێرینەکانمانەو حەرامە لە هاوسەرانمان، خۆ ئەگەر بە مردارەوەبوویی (بەچکەیەك یان کۆرپەلەیەك بوو) ئەوان هەمووان تیایدا هاوبەشن و (پیاوان و ئافرەتان

لێی دەخۆن) لە ئایندەدا پاداشتی ئەم هەموو (سنوورە خۆکردانەو) باس و خواسانەیان دەدرێتەوە، چونکە بەڕاستی خوا حەکیم و داناو کار بەجێیە، وە زاناو ئاگادارە بە هەموو شتێك.

قَدْ خَسِرَ الَّذِينَ قَتَلُواْ أَوْلاَدَهُمْ سَفَهًا بِغَيْرِ عِلْمٍ وَحَرَّمُواْ مَا رَزَقَهُمُ اللّهُ افْتِرَاء عَلَى اللّهِ قَدْ ضَلُّواْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ (140)

بەڕاستی ئەوانە خەسارتمەندو زەرەرمەندن کە منداڵەکانی خۆیان کوشت بە ناحەق و نارەواو دوور لە هەموو زانستی یەك، وە ئەوەی خوا پێی بەخشیبوون لە خۆیان حەرام کردو لەناویان برد، هەمووشی بەهۆی درۆ هەڵبەستنەوە بەدەم خواوە، بەڕاستی ئەوانە گومڕان و ڕێبازی هیدایەتیان نەگرتۆتەبەرو هیدایەت دراو نین.

وَهُوَ الَّذِي أَنشَأَ جَنَّاتٍ مَّعْرُوشَاتٍ وَغَيْرَ مَعْرُوشَاتٍ وَالنَّخْلَ وَالزَّرْعَ مُخْتَلِفًا أُكُلُهُ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُتَشَابِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ كُلُواْ مِن ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَآتُواْ حَقَّهُ يَوْمَ حَصَادِهِ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (141)

خوا هەر ئەو زاتەیە کە باخاتی بەرزی لق و پۆپ دار بەرپا دەکات، هەروەها باخاتی نزمی پەرش و بڵاو بەدی دێنێت، هەروەها خورما و کشتوکاڵی جۆراوجۆریش (کە تام و بۆن و ڕەنگ و شێواز و قەبارەیان جیایە) لە زەیتون و هەناری لەیەك چوو، هەروەها لەیەك نەچوو، بخۆن لە بەروبومەکەی کاتێ کە دەیگرێت، وە ڕۆژی چنین و دروێنە مافی هەژارانی لێ بدەن و زیادەڕەوی مەکەن، چونکە خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە لە سنوور دەردەچن و زیادەڕەوی دەکەن.

وَمِنَ الأَنْعَامِ حَمُولَةً وَفَرْشًا كُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (142)

(هەر خوا) هەندێك لە ماڵاتی بۆ ئێوە ڕام هێناوە کە بۆ باربردن بەکاریان دێنن (وە لە خوری و مووی هەندێکی تریان) فەرش و ڕایەخ دروست دەکەن، دە بخۆ لەو ڕزق و ڕۆزییەی کە خوا پێی بەخشیون،

نەكەن شوێن هەنگاو و (پیلانی) شەیتان بكەون، چونكە بەڕاستی ئەو دوژمنێكی ئاشكرای ئێوەیە.

ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ مِّنَ الضَّأْنِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْمَعْزِ اثْنَيْنِ قُلْ آلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ الأُنثَيَيْنِ أَمَّا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ الأُنثَيَيْنِ نَبِّؤُونِي بِعِلْمٍ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (143)

(خوای گەورە) هەشت جووت ماڵاتی (بۆ خزمەتی ئادەمیزاد دروستكردووە) لەمەڕ جووتێك و لە بزنیش جووتێك (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم بەو نەفامانە بڵێ كە هەر لە خۆیانەوە شت حەرام دەكەن) ئایا خواردنی گۆشتی نێرەكان حەرامە یا مێیەكان یا ئەوەی كە لەسكی مێیەكاندا هەیە؟! ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن و بەڵگەیەكی زانستی تان پێیە، بۆمان ڕوون بكەنەوە؟!

وَمِنَ الإِبْلِ اثْنَيْنِ وَمِنَ الْبَقَرِ اثْنَيْنِ قُلْ آلذَّكَرَيْنِ حَرَّمَ أَمِ الأُنثَيَيْنِ أَمَّا اشْتَمَلَتْ عَلَيْهِ أَرْحَامُ الأُنثَيَيْنِ أَمْ كُنتُمْ شُهَدَاء إِذْ وَصَّاكُمُ اللّهُ بِهَذَا فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا لِيُضِلَّ النَّاسَ بِغَيْرِ عِلْمٍ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (144)

هەروەها لە وشترو لەمانگاش، دوو جۆری دروستكردووە (دووبارە پێیان) بڵێ: ئایا خواردنی گۆشتی نێرەكان حەرامە یا مێیەكان، یا ئەوەی كە لەسكی مێیەكاندا هەیە؟! یاخود ئێوە (وا دیارە) شایەت بوون و لەوێ بوون كاتێ كە خوا بڕیاری بەو جۆرەی بۆدان؟!! جا ئیتر كێ هەیە لەوە ستەمكارتر كە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت تا دوور لە زانستی، خەڵكی سەر لێ شێواو بكات، بەراستی خوا هیدایەتی دەستەی ستەمكاران نادات.

قُل لاَّ أَجِدُ فِي مَا أُوْحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلاَّ أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلاَ عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (145)

پێیان بڵێ: من لەو شتانەی (ئێوە باسی دەکەن) نابینم وەحی و نیگام بۆ هاتبێت کە حەرامن هەرکەس بیانخوات، مەگەر مردارەوە بوو، یا خوێنێکی ڕژێنراو، یا گۆشتی بەراز، ئەوانە هەمووی پیس و ناپاکن، یاخود (ماڵات) کە بۆ غەیری خوا سەربڕابێت و ناوی نەزری لەسەر برابێت، بەڵام ئەوەی ناچاربوو (گرانی بوو، ترسی ئەوەی هەبوو لەبرسا بمرێت) ئەوە دەتوانێت (لەو جۆرە گۆشتانە بخوات) بێ سنوور دەرچوون و بەردەوام بوون و دووبارە کردنەوە چونکە بەڕاستی پەروەردگاری تۆ لێخۆشبوو و میهرەبانە.

وَعَلَى الَّذِينَ هَادُواْ حَرَّمْنَا كُلَّ ذِي ظُفُرٍ وَمِنَ الْبَقَرِ وَالْغَنَمِ حَرَّمْنَا عَلَيْهِمْ شُحُومَهُمَا إِلاَّ مَا حَمَلَتْ ظُهُورُهُمَا أَوِ الْحَوَايَا أَوْ مَا اخْتَلَطَ بِعَظْمٍ ذَلِكَ جَزَيْنَاهُم بِبَغْيِهِمْ وِإِنَّا لَصَادِقُونَ (146)

بۆ ئەوانەش کە جولەکەن هەرچی زیندەوەری چڕنوکدارە لێمان حەرام کردن، وە لە (گۆشتی) هگاو مەریش چەورییەکانمان لێ حەرام کردن مەگەر ئەوەی کە بە بڕبڕاگەی پشتیانەوە بێت، یاخود ئەوەی دەوری ڕیخۆڵەیانی دابێت، یا ئەوەی تێکەڵی ئێسقان بووبێت، ئەم (حەرام کردنانەش) بەهۆی لادان و ستەمیانەوە بووە، (بێگومان ئێمە ئەم شتانە) بەڕاستی و دروستی دەگێڕینەوە (تا جولەکە خۆیان بناسن و بزان کە ئەم قورئانە فەرموودەی خوایە و ئاگادارە بە هەموو شتێکیان).

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل رَّبُّكُمْ ذُو رَحْمَةٍ وَاسِعَةٍ وَلاَ يُرَدُّ بَأْسُهُ عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ (147)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جا ئەگەر بەدرۆیان خستیتەوە ئەوە پێیان بڵێ: کە پەروەردگارتان خاوەنی ڕەحمەت ومیهرەبانی بێ سنوورە ئەگەر باوەڕ بێنن و واز لە پیلان و تەڵەکە بێنن لێتان خۆش دەبێت) کەسیش ناتوانێت بەری سزاو خەشمی خوا بگرێت کە لە ستەماکارانیی دەگرێت (لە دەرئەنجامی بێ باوەڕییان).

سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاء اللّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم حَتَّى ذَاقُواْ بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إَلاَّ تَخْرُصُونَ (148)

موشريك و هاوەڵپەرستان دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە هاوەڵمان بۆ بڕیار نەدەدا، باوانیشمان موشریك نەدەبوون، هیچ شتێكیشمان لەخۆمان حەرام نەدەكرد (ئەمانە هەمووی قسەی بەتاڵەو هەرگیز خوای گەورە زۆر لە كەس ناكات بۆ باوەر هێنان یان بێ باوەڕی) هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆو بوختانیان هەڵدەبەست، هەتا توشی بەڵای ئێمە بوون و سزامان پێ چەشتن، پێیان بڵێ: ئایا هیچ زانیاری و زانستییەكتان پێیە نیشنمان بدەن و بۆمان دەرخەن، یان ئێوە تەنها شوێنی گومان دەكەون، ئێوە جگە لە درۆو نادروستی هیچی ترتان پێ نیە.

قُلْ فَلِلّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ فَلَوْ شَاء لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ (149)

هەروەها پێیان بڵێ: هەر خوا خۆی بەڵگەكانی بەهێزە هەرچەندە ئەگەر بیەوێت (بە زۆر) هەموانتانی هیدایەت دەداو بەناچاریی دەبوا هەمووان ئیماندار بوونایە (بەڵام ڕێزی لێ گرتوون و سەرپشكی كردوون).

قُلْ هَلُمَّ شُهَدَاءكُمُ الَّذِينَ يَشْهَدُونَ أَنَّ اللّهَ حَرَّمَ هَذَا فَإِن شَهِدُواْ فَلاَ تَشْهَدْ مَعَهُمْ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاء الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَالَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ وَهُم بِرَبِّهِمْ يَعْدِلُونَ (150)

پێیان بڵێ: ئادەی شایەتەكانتان بێنن و بەڵگەتان نیشان بدەن لەسەر ئەوەی كە خوا ئەم شاتانەی حەرام كردبێت ئەگەر (بەدرۆوە) شایەتیان دا ئەوە تۆ لەگەل ئەواندا مەبەو شایەتیان بۆ مەدە، شوێنی ئارەزووی ئەوانە مەكەوە، لە كاتێكدا كە ئایەتەكانی ئێمە بە درۆ دەخەنەوە، چونكە ئەوانەی باوەڕیان بە قیامەت نیە، گوێ نادەن بە پەروەردگاریان و ملكەچی و فەرمانبەرداری بۆ ئەو زاتە بە پێویست نازانن.

قُلْ تَعَالَوْاْ أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلاَّ تُشْرِكُواْ بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلاَدَكُم مِّنْ إمْلاَقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلاَ تَقْرَبُواْ الْفَوَاحِشَ مَا

ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (151)

(ئەی محمد صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: (خەڵکینە) وەرن با ئەو شتانەتان بۆ باس بکەم کە پەروەردگارتان لە سەرتانی حەرام کردوون، (یەکەمیان ئەوەیە) کە شەریك و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن، (دووەمیان ئەوەیە) کە چاك ڕەفتار بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، (سێیەمیان) منداڵانی خۆتان لەبەر برسێتی و نەداری مەکوژن، چونکە ئێمە (پەکتان ناخەین) ڕزق و ڕۆزیی ئێوەش و ئەوانیش دەدەین، (چوارەمیان) نزیکی گوناهو تاوان مەکەون، چ ئەوەی کە ئاشکراو دیارە چ ئەوەی کە شاراوەو پەنهانە، (پێنجەمیان) هیچ کەس بە ناحەق مەکوژن، ئەمە ئامۆژگاری پەروەردگارە بۆ ئێوە بەڵکو ژیرو هۆشمەند بن و( لەفەرمانی دەرنەچن).

وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ لاَ نُكَلِّفُ نَفْسًا إِلاَّ وُسْعَهَا وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَبِعَهْدِ اللّهِ أَوْفُواْ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (152)

(شەشەمیان) نزیکی ماڵ و سامانی هەتیو مەکەون بە چاکیی و لە قازانجی نەبێت، هەتا ئەو کاتەی گەورە دەبێت و بەتەواوی پێ دەگات، (حەوتەمیان) سەنگ و تەرازوو بە ڕێك و پێکی بەکار ببەن و (فێڵی تیا مەکەن)، جا ئێمە داخوازی لەکەس ناکەین بەگوێرەی توانای خۆی نەبێت (هەشتەم) هەرکاتێ قسەتان کرد دادوەرانە بدوێن و (لایەنی ناحەق مەگرن) ئەگەر خزمیش بێت، (نۆیەمیان) وەفا بکەن بەو پەیمانەی کە دەیبەستن لەگەڵ خواداو بەو بەڵێنەی کە بە پەروەردگاری دەدەن، ئەم شتانەش ئامۆژگاری پەروەردگارتانە بۆتان بەڵکو یاداوەری وەرگرن.

وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ (153)

بێگومان ئەمەی (کە باس کرا) ڕێبازی ڕاست و ڕاستەقینەی منە شوێنی کەون، (دەیەم) شوێنی ڕێبازە (جۆراوجۆرەکان) مەکەون تا لە

ڕێبازەکەی خوا وێڵ نەبن، ئابەو شێوەیە پەروەردگارتان ئامۆژگاریتان دەکات بڵکو خواناس و پارێزکار بن.

ثُمَّ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ تَمَامًا عَلَى الَّذِيَ أَحْسَنَ وَتَفْصِيلًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لَّعَلَّهُم بِلِقَاء رَبِّهِمْ يُؤْمِنُونَ (154)

(دوای ئەو دە ئامۆژگاریە، بەیادتان دێمنەوە): پاشان تەوراتمان بە موسا بەخشی کە بە تەواوی نازو نیعمەتی ئێمەی تیا دایری کرابوو، ڕێنمونی ئەو کەسەی دەکرد کە دەیەوێت زۆر چاک بێت، دەربارەی هەموو شتێك باس و ڕای تیا بوو، ڕێنمونی بەخش و ڕەحمەت بەخش بوو، بڵکو ئەوانەی باوەڕی دامەزراو بێنن بە ڕووبەڕوو بوونەوەی پەروەردگاریان (بۆ لێپرسینەوەو پاداشتی کارو کردەوەیان).

وَهَذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ (155)

هەروەها ئەم قورئان هپیرۆزەشمان ڕەوانە کردووە (بۆ سەرجەم خەڵکی، لە هەموو کات و شوێنێکدا) دەی شوێنی کەون و خۆتان لە یاخی بوون دوور بگرن، بەڵکو ڕەحماتان پێ بکرێت.

أَن تَقُولُواْ إِنَّمَا أُنزِلَ الْكِتَابُ عَلَى طَآئِفَتَيْنِ مِن قَبْلِنَا وَإِن كُنَّا عَن دِرَاسَتِهِمْ لَغَافِلِينَ (156)

تا ئەوسا نەڵێن: کتێبی ئاسمانی بۆ دوودەستەی (گاورو جوو) پێش ئێمە ڕەوانە کراوە، ئێمە لە شارەزایی و ئاگاداریی ئەو کتێب و ئاینانە بێ ئاگا بووین.

أَوْ تَقُولُواْ لَوْ أَنَّا أُنزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَى مِنْهُمْ فَقَدْ جَاءكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَذَّبَ بِآيَاتِ اللّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا سُوءَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصْدِفُونَ (157)

یاخود بڵێن: ئەگەر ئەو کتێبانە بۆ ئێمە ڕەوانە بکرانایە لەوان چاکتر پەیڕەویامن دەکرد، خۆ ئەوەتە ئێوەش بەڵگەی ئاشکراو (قورئانی ڕەوانتان) لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ ڕەوانە کراوە هاوڕی لەگەڵ

هیدایەت و ڕەحمەت و ڕێنموی دا (کەچی باوەڕی پێ ناهێنن!!)، جا کێ هەیە لەو کەسە ستەمکارتر، کە ئایەتەکانی خوا بەدرۆ دەخاتەوەو ىڕوایان پێ ناکات و ڕوویان لێ وەردەگێڕێت، لە ئایندەیەکی نزیکدا تۆڵە لەوانە دەسێنین کە ڕوو وەرگێڕن لە ئایەتەکانی ئێمە، بەسزای توندو پڕ ئێش و ئازار، بەهۆی لادان ویاخی بوونیانەوە.

هَلْ يَنظُرُونَ إِلاَّ أَن تَأْتِيهُمُ الْمَلآئِكَةُ أَوْ يَأْتِيَ رَبُّكَ أَوْ يَأْتِيَ بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ يَوْمَ يَأْتِي بَعْضُ آيَاتِ رَبِّكَ لاَ يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا قُلِ انتَظِرُواْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ (158)

مەگەر ئەوانە چاوەڕێی ئەوە بکەن کە فریشتەی (تۆڵە) بێت بۆیان، یا پەروەردگار خۆی یەکسەر بێت (بۆ لەناو بردنیان) یا هەندێك لە نیشانەکانی پەروەردگارت دەکەوێت (کە بەڵگەیە لەسەر نزیك بوونەوەی قیامەت)، ئەو ڕۆژەی کە هەندێك لە نیشانەکانی (نزیك بوونەوەی قیامەت) دەردەکەوێت (وەکو هەڵهاتنی خۆر لە خۆرئاوا)، ئەو کەسەی ئەو کاتە ئیمان و باوەڕ دەهێنێت، ئەو ئیمان و باوەڕەی سودی بۆی نابێت ئەگەر پێشتر ئیمانی نەهێنابێت، یا کردەوەی چاکی هاوڕی لەگەڵ ئیمانەکەیدا نەبووبێت، پێیان بڵێ: چاوەڕێ بکەن (بزانن خوا چیتان بەسەر دێنێت) ئێمەش چاوەڕوانین.

إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ إِنَّمَا أَمْرُهُمْ إِلَى اللّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ (159)

بەڕاستی ئەوانەی ئاینەکەیان بەش بەش کردو بوونە دەستە دەستە و پارچە پارچە، ئەوە تۆ لەوان نیت، تۆ لەوان بەریت، ئەوانە خوا خۆی چاریان دەکات و حەقی لادانیان لێ دەسێنێتەوە، لەوەودوا هەواڵی هەموو ئەو کارو کردەوانەیان پێ دەدات کە ئەنجامیان داوە.

مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا وَمَن جَاء بِالسَّيِّئَةِ فَلاَ يُجْزَى إِلاَّ مِثْلَهَا وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ (160)

ئەوەی خێرو چاکەیەك بکات بە دەقات پاداشتی دەدرێتەوە، ئەوەش گوناهو هەڵەیەك ئەنجام دەدات تۆڵەی بەقەدەر گوناهو هەڵەکەی لێ دەسێنرێت، کەواتە ستەمیان لێ ناکرێت.

قُلْ إِنَّنِي هَدَانِي رَبِّي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ دِينًا قِيَمًا مِّلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (161)

(پێیان) بڵێ: بەڕاستی من پەروەردگارم هیدایەت و ڕێنموونی کردووم بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروست، ئاینی ڕاست و ڕەوان، ئاینی ئیبراهیمی (باوەگەورە) کە دوورە لە هەموو لادان و نارێکی یەکەوە، ئەو هەرگیز لە ڕیزی موشریك و هاوەڵپەرستاندا نەبووە.

قُلْ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (162)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) بڵێ: بەڕاستی نوێژو خواپەرستی و ژیان ومردنم بۆ خوا، پەروەردگاری جیهانەکان تەرخان کردووە.

لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَاْ أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ (163)

هاوەڵ و هاوبەش و شەریکی نیە، وە من بەو شێوەیە فەرمانم پێ دراوە، من یەکەم کەسم لە موسوڵمانان.

قُلْ أَغَيْرَ اللّهِ أَبْغِي رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيْءٍ وَلاَ تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلاَّ عَلَيْهَا وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ثُمَّ إِلَى رَبِّكُم مَّرْجِعُكُمْ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (164)

هەروەها بڵێ: ئایا ڕەوایە من جگە لە خوا پەروەردگارێکی تر بکەمە (پەرستراوی) خۆم (لەکاتێکدا کە) ئەو (زاتە) پەروەردگاری هەموو شتێکە، هەر کەسێك هەر کارێك ئەنجام بدات لەسەر خۆی دەکەوێت (ئەگەر چاکە بێت پاداشی بۆ خۆیەتی ئەگەر خراپەش بێت هەر یەخەی خۆی دەگرێت)، هیچ کەسێك تاوانی کەسانی تر هەڵناگرێت، لەوەودوا

گەڕانەوەتان بۆلای پەروەردگارتانە، ئەوکاتە هەوالێ هەموو ئەو شتانەتان پێ دەدات کە جیاوازی و کێشەتان لەسەری هەبووە.

وَهُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلاَئِفَ الأَرْضِ وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ إِنَّ رَبَّكَ سَرِيعُ الْعِقَابِ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (165)

هەر ئەو زاتە، ئێوەی کردووە بەجێنشین لە زەویدا، پلەو پایەی هەندێکتانی بەرزتر کردۆتەوە بەسەر هەندێکی ترتان دا (لە ڕووی زانستی یا سامان یا هێز...هتد)، تا تاقیتان بکاتەوە لەو بوارانەدا کە پێی بەخشیون (کێ بۆ چاکەو چاکەکارییی، بەخشش و بەهرەکان بەکار دێنێت، کێیش بۆ تاوان و خراپەکاری)، دڵنیابە کە پەروەردگاری تۆ بەخێرایی تۆڵە دەسێنێت (لەوانەی کە لە تاقیکردنەوەدا دەرناچن) بێگومان لێخۆشبووەو میهرەبانیشە (بۆ سەرفرازان).